# وەڵامی راپۆرتی کۆمسیۆنی ئەمریکی بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی

## سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

## (کۆمیتەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان)

ئایاری 2020

# ناوەڕۆک


پێشەکی.......................................................................................................................................3

هاوکارییەکانی حکومەتی هەرێم بۆ پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان.................................................................5

مامەڵە کردنی دادگاکانی هەرێم لەگەڵ بە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان .......................................................10

کوردانی ئێزیدی..........................................................................................................................12

هێرشی داعش بۆ سەر شنگال و ناوچە ئێزیدی نشینەکان...............................................................................14

رۆڵی حکومەتی هەرێم  لە رزگار کردنی ئێزیدییە رفێندراوەکان ........................................................................18

هەوڵەکانی بە جینۆساید ناساندنی کەیسی ئێزیدییەکان ..................................................................................19

دەنگۆی بە کورد کردنی ناوچە تازە ئازاد کراوەکان......................................................................................20

یارمەتیدانی ئێزیدییەکان لەرووی یاسایی و کارگێڕییەوە ..................................................................................23

کریستیانەکان ..............................................................................................................................24

کێشەی زەوی و زاری کریستیانەکان......................................................................................................33

گواستنەوەی کورسیی مەرجەعی ئاشوورییەکانی جیهان و ناوەندی کڵێسای رۆژهەڵات بۆ هەولێر.........................41

کوردانی شەبەک...........................................................................................................................44

رەوشی تورکمانەکانی کەرکوک ...............................................................................................................45

باکگراوەندێک لەسەر پێکهاتەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ..........................................................................47

یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان..................................................................................................48

بەڕێوەبەرایەتییە ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان.........................................................................................53

گەیاندنی کەلوپەل بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکان..............................................................................................54

## پێشەکی

کۆمسیۆنی حکومەتی ئەمریکی بۆ ئازادی ئاینی نێودەوڵەتی(USCIRF) راپۆرتی خۆی سەبارەت بە رەوشی پێکهاتە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان لەژێر ناوی "پوکانەوەی پێکهاتە ئاینییەکان لەژێر خۆری کوردستان" بڵاوکردەوە. ئەندامانی ئەم کۆمسیۆنە راستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا و بەرپرسانی هەردوو حیزبی دەسەڵات لەو وڵاتە دیاری دەکرێن و بەرپرسیارێتی ئەم کۆمسیۆنە بەدواداچوونە بۆ ئازادی ئاینی نێودەوڵەتی و ئەو توندوتیژیانەی دژ بە پێکهاتە ئاینییەکان ئەنجامدەدرێن، هەروەها ئەم کۆمسیۆنە راستەوخۆ هەڵسەنگاندن و پێشنیارەکانیان دەدەنە سەرۆکی ئەمریکا.

لەم راپۆرتەدا بە تێروتەسەلی باس لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان کراوە و بە بەراورد بە وڵاتانی دەوروبەر بارودۆخیان بە باشتر و گونجاوتر بۆ ژیان وەسف دەکات. کوردستان بە پەناگەی زۆرینەی کریستیانەکان لە کلدو ئاشوری، ئێزیدی، شیعە، شەبەک، هەروەها زەردەشتی، سابئەی مەندائی و بەهائیەکانیش دادەنێت. لەلایەکی دیکەوە لە هەندێک بەشی راپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە پێکهاتەکان رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و مافیان پێشێلکراوە وەک پشتگیری کردنی بە زۆری لە حکومەتی هەرێم، دەستبەسەردا گرتنی زەوی و زاری کریستیانەکان، رێگاگرتن لە ئازادی رادەربڕین و خۆپیشاندان،هاتوچۆ و گەڕانەوەی پێکهاتە ئایینی، نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بۆ سەر زێدی خۆیان، هەروەها باس لەوە دەکات لە هەندێک شوێن جیاکاری هەیە لە نێوان پێکهاتەکان بە هۆی ئایین و نەتەوە و مەزهەبەوە لەبارەی دابەش نەکردنی هاوکارییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە یەکسانی و جیاکاری کردن لە بەرگری کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پێکهاتەکان.

لە پاڵ ئەمەشدا ئەم کۆمسیۆنە تێبینی و راسپاردەی خۆیان خستووەتە روو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە باشتر کردنی رەوشی پێکهاتە ئایینیەکان، وەک زیادکردنی ژمارەی نوێنەرایەتییان لە حکومەت و چەند پێشنیارێکی دیکە بە مەبەستی بەهێزکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێم، سەبارەت بەم داوایە لەڕووی یاسایی و سیاسییەوە ئەمە ئەستەمە، چونکە دەنگدەرانیان کەمە و دیاریکردنی ژمارەی نوێنەرانیان لەسەر بنەمای ژمارەی دەنگدەرانیان دەبێت بەپێی یاساکانی هەڵبژاردن.

لە ماددەی 14 لە دەستوری عێراقیدا هاتووە کە عێراقییەکان یەکسانن لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی رەگەز، نەژاد، نەتەوە، بنەچە، رەنگ، ئایین، ئایینزا، بیروباوەڕ، بۆچوون و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی زیاتری هەڵگرتووە و پێکهاتەکانی دیکەی وەك کەمایەتی وێنا نەکردووە. لە ماددەی (5)ی ئەم ڕەشنووسەدا هاتووە کە: " گەلی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە

له کورد، تورکمان، عەرەب، کلدان، سریان، ئاشوری، ئەرمەن و هاووڵاتیانی دیکەی هەرێمی کوردستان".هەروەها لە مادده (٧)ی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان هاتووە کە پرەنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلامی یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی بڕیاردان لەگەڵ مسۆگەر کردنی تەواوی مافی پەیرەوانی ئایینەکانی وەک کریستیان و ئێزیدی و ئایینەکانی دیکە لە ئازادی بیروڕای ئایینی و ئەنجامدانی سرووتە ئایینیەکانی خۆیان.

لەلایەکی دیکەوە لە ماددەی (١٢٤)ی رەشنووسەکەدا هاتووە کە ناکرێ ئەحکامی ئایینێکی دیاریکراو بەسەر پەیرەوانی ئایینێکی دیکەدا بسەپێنرێت (برگەی یەکەم) لە برگەی دووەمیشدا دەڵێ: پەیرەوانی ئایینەکانی دیکەی نا موسڵمان وەک کریستیان و ئێزیدی بۆیان هەیە ئەنجومەنی رۆحانی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و پەیرەوی حوکمی تایبەت بە خۆیان بکەن لە بابەتی باری کەسی کە ئەمەش بە یاسایەک دیاری دەکرێت و دادگای باری کەسی و لەلایەن دادگای باری کەسی سەیر دەکرێت. لە برگەی سێیەمی ماددەکەشدا هاتووە : تا ئەو کاتەی یاسایەکی باری کەسی تایبەت بەو پێکهاتە  ئاینیانە دەردەچێت، کار بە یاسا کارپێکراوەکانی باری کەسی لە هەرێم دەکرێت.

بە هەمان شێوە لە ماددەی (20) برگە(2)ی ئەم رەشنوسەدا هاتووە کە" هەموو چەشنە جیاکاریەکی لە بناغەی نەژاد، رەنگە، رەگەز، زمان، پێگەی کۆمەڵایەتی ولاتنامە، بنەچە، ئایین، بیروباوەڕ، هزر، تەمەن، باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان کەم ئەندامی قەدەغە کردووە". حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ جیاوازی هەموو دەرگاکانی هەرێمی والا کردووە و تائێستا بەدەیان هەزار خێزانی مەسیحی، ئێزدی، تورکمان و عەرەب لەناوچەکانی باشوور و ناوەراستی عێراق بۆ پاراستنی گیانی خۆیان رویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە و حکومەتی هەرێمیش بەپێی توانا هەموو ئاسانکاریەکی بۆ ئەنجامداون و ئێستاش وەکو هەموو هاوڵاتیەکی دیکەی کوردستان ژیانی رۆژانەی خۆیان بەبێ هیچ فشارێك دەبەنەسەر.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە لە دوای ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان تاکە شوێنە کە تیایدا هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان هەست بە ئاسوودەیی دەکەن تێیدا و لە هەرێمی کوردستاندا هیچ کەسێک لەسەر جیاوازی نەتەوەیی رووبەڕووی کێشە نەبووەتەوە. بەپێچەوانەوە حکومەتی هەرێم بەردەوام پشتگیری لە پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی دەکات بەبێ رەچاوکردنی جیاوازی ئایینی، مەزهەبی و نەتەوەیی.

لەم راپۆرتە وەڵامەدا هەوڵدراوە بەدواداچوونێکی گشتگیر بکرێت بۆ بابەتەکانی ئەم راپۆرتە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت ئەنجامدا و لە دەرئەنجامدا، گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی روونی هەیە لەم رووەوەو هەرێمی کوردستان بۆتە ماڵ و مەنزڵگای پێکهاتە ئایینی، نەتەوەیی، کەلتوری، ئیتنیە جیاوازەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان نیاز و نیەتی جیاکاریکردنی نەبووە دژ بەم پێکهاتانە و ئەگەر حاڵەتی جیاکاری یان پێشێلکاریەکیش هەبوبێت ئەوا حاڵەت و

هەڵسوکەوتێکی تاکەکەسیە،بەرنامە و پلان بۆ دارێژراو نەبووە و سیاسەتی حکومەتی هەرێم نەبووە و بەدواداچوونی بۆ کراوە.

## هاوکارییەکانی حکومەتی هەرێم بۆ پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان

لە دوای ساڵی 2003ـەوە بەردەوام خەڵکی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە. پێش شاڵاوی تیرۆریستانی داعش حکومەتی هەرێم لە زۆر رووەوە هاوکاری ئاوارەکانی کردووە کە لە پێکهاتە ئایینی، نەتەوەیی و مەزهەبییەکان پێکهاتوون بۆ نموونە:

- لەسەر فەرمانی بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێم بۆ خەرج کردنی بڕی پێنج سەد هەزار دینار بۆ هەر خێزانێك بە تایبەتی دوای کارەساتی تەقینەوەکانی کەنیسەی ( سيدة النجاة) لە بەغدا .
- دابینکردنی بڕی چوار سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر خێزانێکی ئاوارە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی بەغدا .
- گواستنەوەی پسولەی خۆراکی خێزانە ئاوارەکان بۆ پارێزگاکانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار .
- پێدانی پشتگیری بۆ گواستنەوەی راژەی ئەو ئاوارانەی کە کارمەندی موچەخۆر بوون لە شوێنەکانی پێشوی خۆیان.
- دابەشکردنی کەلوپەلی خۆراك و جلوبەرگ بەسەر سەرجەم خێزانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە بیانیەکان .

هەروەها بە هەزاران قوتابی ئێزیدی لە زانکۆ و قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون، بەو هۆیەی کە هەڕەشەیان لە سەر بووە. جگە لەمەش تەنها لە ساڵی 2013 لە زانکۆ و قوتابخانەکانی پارێزگای دهۆك نزیکەی 850 قوتابی ئێزیدی وەرگیراوە کە لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری موسڵ هاتوون. بە هەمان شێوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگەی داوە بە خێزانە ئاوارەکانی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کە بێنە ناو خاکی هەرێمی کوردستان .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە هەر ناوچەیەکی دیکەی عێراق زیاتر ناوچەگەلێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینین. بە شێوەیەکی گشتی (تەنانەت بەر لە هێرشەکانی داعشیش) ئەم ناوچانە لە رووی یاسایی، ئەمنی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بارودۆخێکی ناجێگریان هەبوو، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر ئەم ناوچانە. ئەگەرچی لە رووی مێژووییەوە ئەم ناوچانە کوردستانین، بەڵام لەلایەن ڕژێمی پێشوی

عێراقەوە گۆڕانکاری دیموگرافیان بەسەردا هێنراوە و هەر یەکێکیان بە ناوچەیەکی ناکوردستانییەوە لکێنراون.

ئەگەر بە شێوەیەکی تایبەتی باس لە کەمە نەتەوەیی و ئایینیەکانی ئەم ناوچانە بکەین، ئەوانیش بێبەش نەبوونە لە تاڵاوی ئەو ناخۆشیانەی دووچاری خەڵکی ئەم ناوچانە بوونەتەوە و بگرە ئەو ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان یان سەرجەمیان لە یەکێك لەو کەمە نەتەوایەتی یان ئایینیانە پێکهاتووە رووبەڕووی ڕاگواستن بوونەتەوە، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ بارودۆخی ئەمنی دەگەڕێتەوە و هەلومەرجی ئابووری بە پلەی دووەم و هۆکارەکانی دیکەش لە پلەی سێیەمدا دێن، هەموو ئەمانەش وایان لێدەکات ناچاربن ڕووبکەنە کوردستان یاخود بەرەو دەرەوەی وڵات بڕۆن. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە بابەتی بودجەی یەکە کارگێڕییەکانی ئەم ناوچانە تاوەکو ئێستاش لە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵی عێراقە، بە هەمان شێوە بەرپرسیارێتی پاراستنی ناوچەکان و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەشیان دەکەوێتە سەرشانی حکومەتی فیدراڵی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەموکوڕی یەکجار زۆریان هەیە و لە ئاستی پێویستدا نین .

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش بوونیان هەبێت لەم ناوچانەدا، ئەوا بە مەبەستی پارێزگاریکردنە لەم ناوچانە، بۆ ئەوەی ئەگەر بە ئاستێکی کەمیش بێت ئەو بۆشاییانە بکرێتەوە کە حکومەتی ناوەندی لەم ناوچانە جێهێشتوون، چونکە نابێت ئەو ڕاستیە نادیدە بگرین کە ئەم ناوچانە ناکۆکیان لەسەرە و کوردستانیش ئەو مافە بە خۆی دەدات کە ئەوەندەی پێی دەکرێت هاوکاریان پێشکەش بکات، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە ڕێگری زۆر لە کارەکانیان دەکرێت. ئەگەر نەخاسمە تاکەکەسێك ڕەفتارێکی خراپی لێ ببینرێت یاخود خۆی تاکەکەسێکی باش نەبێت ( کە پێویستە ناو و ناسنامەی ئەو کەسانەش ئاشکرا بکرێت)، ئەوا نە نەڕاستە و نە ڕەوایە کە سەرجەم دەزگاکە بە خراپ لە قەڵەم بدرێت، لەبەر ئەوەی ئامانجی هەبوونی ئاسایش لە هەر شوێنێك بریتیە لە پاراستنی خەڵکی ناوچەکە بە تێکڕای چین و توێژەکانییەوە. لە زۆربەی ئەم ناوچانەشدا و بەپێی یاسا و ڕێساکان بارەگای حزبە کوردستانییەکان بوونیان هەیە کە سەرقاڵی ئەنجامدانی کار و چالاکی سیاسی خۆیانن .

پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە هێزی ئاسایش و پێشمەرگەی لێیە، لەو پەڕی ئارامی و سەقامگیریدا بوون، بۆ نموونە پێش هاتنی داعش مانگانە لە پارێزگای نەینەوا و ناوچەکانی دیکە بە سەدان کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامدەدرا و زۆربەیان لە دژی کەمەنەتەوە و ئایینەکان بوون کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پۆلیس و سوپای عیراقی فیدراڵدا بوون، بەڵام لەو ناوچانەی کە هێزی ئاسایش و پێشمەرگەی کوردستانی لێ بوو، بەدەگمەن کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدرا چوونکە هەبوونی هێزی ئاسایش و پێشمەرگە لەم ناوچانە بەئامانجی بەرقەرارکردنی ئارامی و پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان بووە.

لە هەمان کاتدا دیاردەی کۆچکردنیش لەم ناوچانە لەبەر هەبوونی هێزی ئاسایش و پێشمەرگە کەم بوو، بەڵکو کەمە نەتەوە و ئایینەکان لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان کۆچیان کردووە و ڕێژەیەکی

زۆریشیان پەنایان هێنا بوو بۆ ناوچە و شارەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەمەشدا چالاکی سیاسیش لەم ناوچانەدا لە فەزایەکی زۆر ئازاددا ئەنجام دەدرا و بەتۆمەتی جموجۆڵی سیاسی، هیچ کەسێك لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرنەکراوە.

ئەوەی پەیوەست بێت بە هێزی پێشمەرگەوە، هەر کاتێك پێویست بووبێت (پێش هێرشی داعشیش) ئەوا درێغی نەکردووە لە بەرگریکردن لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و لەم ڕووەوە بە ئەرکی خۆی هەستاوە. لە هەر ناوچەیەك پێشمەرگە بوونی هەبوبێت ئەوا جێی خۆشحاڵی خەڵکی ناوچەکە بووە، چونکە بێ جیاوازی بۆتە قەڵغانی پاراستنی خەڵکی ئەو ناوچانە بە سەرجەم پێکهاتە نەتەوایەتی و ئاینیەکانیشەوە. ئەو بارودۆخەی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەدی دەکرێت ئەوەیە کە بەهۆی ئەوەی ناکۆکیان لەسەرە لە نێوان هەرێم و بەغدا، ئەوا خەڵکانێك هەن کە پێیان خۆش نییە هیچ کاتێك ئەم ناوچانە حاڵەتی سروشتی و مێژووی خۆیان وەرگرنەوە و کوردستانی بن و خوازیارن سەر بە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بن و ئەمەش مافێکی یاسایی خۆیانە، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە هەمیشە و هەردەم کاربەدەستانی حکومەتی فیدراڵی عێراقی ئەم خەڵکانە بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەکار دەهێنن و هەوڵی دروستکردنی دووبەرەکی دەدەن. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی هەبوونی ئەم ناکۆکیانەوە زۆرێك لە سنورەکانی ئەم ناوچانە بونەتە مۆڵگەی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان و ئەو بارودۆخەی ئێستا عێراقی پێدا تێدەپەڕێت گەواهیدەری ئەم ڕاستیەیە.

پێکهاتە نەتەوایەتی و ئایینیەکانی ئەم ناوچانە و تەواوی عێراق هەر کاتێک هەستیان بە مەترسی کردبێت کۆچیان کردووە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەویش بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەی دەزانن پارێزگاریان لێدەکرێت، بارودۆخی ئەمنیان باشتر دەپارێزرێت، دەرفەتی کارکردنی زیاتریان بۆ دەڕەخسێت، خۆشگوزەرانی باشتریان بۆ دەستەبەر دەکرێت و مافەکانیان فەراهەم دەکرێت. بۆ نموونە بەپێی گشتاندنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەر کارمەندێکی مەسیحی لە هەر دامودەزگایەکی عێراقی یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە بێت و سەر بە عێراق بێت و داوای گواستنەوەی ڕاژەکەی یان تەنسیبکردنی بکات، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی بۆیان ئەنجام دەدرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە گواستنەوەی کارمەندان لە نێوان دەزگا حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی وەستێنراوە .

دەزگا پەیوەندیدارە جیاجیاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر یەکە و بەپێی پێویست بە کاری خۆیان هەڵدەستن و ئەو خەڵکانەی ڕوویان لە هەرێم کردووە، هەر دەزگایەك بەپێی تایبەتمەندی خۆی و ڕاددەی پەیوەندی بە بابەت و خەڵکەکەوە ئاسانکاری پێویستیان بۆ دەکەن و ئیدی هەر یەکە و بەپێی مەبەستی هاتنەکەی بۆ کوردستان.

حکومەتی هەرێم لە هەر یەکە لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەبەرایەتی کردۆتەوە، کە سەر بە وەزارەتە خزمەتگوزاریەکانن، بۆ نموونە، وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندرووستی و شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە، ئەویش بۆ مەبەستی گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەبێ جیاوازی. لە هەمان کاتدا دەستەیەکی دامەزراندووە بە ناوی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم دەستەیە گەیاندنی خزمەتگوزاری پێویستە بۆ هەموو ناوچەکان بە بێ جیاوازی کە ئێستا توانیویەتی (9) نووسینگە لەو ناوچانەدا بکاتەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی ئەم دەستەیەوە، لە بودجەی ساڵانەی خۆی بودجەیەکی تایبەتی بۆ ئەم ناوچانەی تەرخانکردووە و ئێستاش بەردەوامە. لە ڕێگەی ئەم بوجەیەوە توانراوە چەندین قوتابخانە و بنکەی تەندروستی دروست بکات، لەگەڵ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگا و بان و باڵەخانە کۆنەکانی پێشتری پەروەردە و بنکەکانی تەندروستی و دابینکردنی کارەبا، کە زۆربەیان تەواوبوونە و هەندێکیشیان لە تەواوبووندایە و هەندێکیشیان لەم ساڵانەدا دەست پێدەکرێت و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت. هەروەها بۆ زۆرێك لە قوتابخانەکان مامۆستا دامەزراوە لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێم و لە قوتابخانەکانی ناوچە کوردستانیەکان کار دەکەن و بە هەمان شێوە کارمەند و دەرمان و کەلوپەل بۆ بنکەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان دابین کراو.

## بواری ڕۆشنبیری و کەلتووریدا

وەزارەتی ڕۆشنبیری گرنگی بە پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و هونەری کەمە نەتەوە و ئاینییەکان لە کوردستان دەدات و ئەمەش لە هەیکەلی کارگێڕی وەزارەتدا ڕەنگی داوەتەوە بە بوونی دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری یەکێکیان بۆ تورکمان و ئەوی دیکە بۆ سریانی. بارەگای ئەم دوو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە لە هەولێرە و بەڕێوەبەرایەتی سریانی لە دهۆك هەیە. هەردوو بەرێوەبەرایەتی گشتی سەرپەشتیکردن و پەرەپێدانی چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری تورکمانی، کلدانی و ئاشووری وەك فێستیڤاڵ، کۆنسێرت، ڕێزلێنان، پیشانگای کتێب و شێوەکاری ئەنجام دەدەن تەنانەت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم چالاکی جۆراوجۆریان هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە :

- پاڵپشتکردنی دارایی ژمارەیەك ناوەندی ڕۆشنبیری، تیپی هونەری تورکمانی، کلدانی، ئاشووری، ئێزدی، کاکەیی و سابئی مەندائی لە لایەن وەزارەتەوە لە ڕێگای بەخشینی مانگانە و هاریکاری دیکە.
- گرنگیدان بە دابونەریت و کەلەپووری دێرین وەك دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی مۆزەخانەی سریانی.
- چاپکردنی 456 کتێب بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، سریانی، تورکمانی و تەنانەت فارسیش.

- چاپکردنی ڕێکەوتنی مافەکانی منداڵان کە لە ساڵی 1990 بەزمانی کوردی و تورکمانی و سریان دەرچووە.
- بەهاوکاری وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتدراوە بە 33 کەناڵی ئاسمانی لەهەرێمی کوردستان، 2 کەناڵی عەرەبی، 1 کەناڵی تورکی و 2 کەناڵی سریانی.

## بواری پەروەردە

هیچ تاکێکی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەکان ناچار نەکراوە کە بەزمانی کوردی بخوێنن یاخود ڕێگرییان لێکرابێت بە زمانی دایك بخوێنن، بەپێچەوانەوە بەدەیان قوتابخانە بە زمانی کەمە نەتەوەکان لەناو هەرێم و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم هەیە. لە سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی خوێندن بەزمانی کەمایەتییەکان کراوە بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم خوێندن بە زمانی تورکمانی:** لە کوردستان (21) قوتابخانە خوێندن تیایاندا بەزمانی تورکمانیە کە زۆربەیان لە شاری هەولێر، سلێمانی، ئیدارەی گەرمیان، کفری وتەلەعفەرن و تێیاندا هەمان سیستەمی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم پەیڕەو دەکرێت و بۆ سەرپەرشتی کردنیان لەوەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تایبەت بە خوێندنی تورکمانی هەیە.

**دووەم خوێندن بە زمانی سریانی:** لە هەرێمی کوردستان (56) قوتابخانە خوێندنیان بە زمانی سریانییە بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە مەسیحی زۆرە وەك (هەولێر/ عەنکاوە، شەقڵاوە، کۆیە، دیانا، هاودیان و هەرمۆتە لەکۆیە هەروەها لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەك حەمدانییە، بەرتەلە، تلکێف، قەرەقۆش، کرملیس، ئەلقۆش). بەهەمان شێوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تایبەت بە خوێندنی سریانی لە وەزارەتی پەروەردە هەیە.

**سێیەم خوێندنی ئایینی ئێزیدی:** دەستەیەکی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك سەرپەرشتی خوێندنی ئایینی ئێزیدی دەکات کە زۆربەیان لە سنووری شاری دهۆك و زیاتریش لە شاری موسڵە.

قوتابی و قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان کە بەم شێوەیە بۆ  ئاوارەکان دابینکراوە:

| پارێزگا | ژمارەی قوتابی | ژمارەی قوتابخانە |
|---|---|---|
| دهۆك | 90120 | 220 قوتابخانە و 15 قوتابخانەی کەرڤانە |
| هەولێر | 74000 | 67 قوتابخانە |
| سلێمانی | 52000 | 81 قوتابخانە |

وەزارەتی پەروەردەی هەرێم هەموو قوتابخانەکانی هەرێمی کردۆتەوە و وەك بنکەی تاقیکردنەوە بۆ قوتابییە ئاوارەکان جگە لەو قوتابخانەی کە لە دهۆك کراونەتەوە 150 قوتابخانە وەك بنکەی تاقیکردنەوە بەکارهێنراون.هەروەها (4) قوتابخانە لە هەولێر بە کرێ گیراوە کە (3000) تا (4000) قوتابی لە خۆ دەگرێت. رەزامەندی دراوە بۆ دامەزراندنی (6) قوتابخانەی کەرەڤانە لە هەولێر.

وەزارەتی پەروەردە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگای داوە کە گشت کەلوپەلەکانی بەکاربهێنن، هەروەها دەزگا ئەمنییەکان ئەرکی پاراستنی بنکەکانی تاقیکردنەوەی قوتابخانەکانی ئاوارەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

لە بواری خوێندنی باڵا حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە قوتابییە ئاوارەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەکات بۆیە رێگا بە قوتابیانی زانکۆی موسڵ دراوە کە لە هەولێر تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم بۆ ئەنجام بدەن بۆ ئەم مەبەستەش (300) قوتابی کوڕ و کچ لە قوتابخانەی گشتی زانکۆی سەڵاحەددین، بە هەمان شێوە نزیکەی (5000) قوتابی زانکۆکانی ئەنبار لە زانکۆی سلێمانی و سەڵاحەددین تاقیکردنەوەی خولی دووەمیان ئەنجامداوە و زانکۆی جیهانیش پێشوازیی لە (1500) قوتابی کردووە.

## مامەڵە کردنی دادگاکانی هەرێم لەگەڵ بە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان

### ئەنجوومەنی دادوەری:

لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر ئاوارەو پەنابەر هەن کە بەهۆی شەڕ و نائەمنیەکانی عێراق و سووریا روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.لەگەڵ دەستپێکی شەڕو ئاڵۆزییەکانی سوریا، هاتنی ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، دواتر لەگەڵ دەستپێکردنی گرتنی موسڵ لەلایەن

داعشەوە و هەروەها ناوچەکانی دیکەی عێراق، ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی عێراقی روویان لە هەرێمی کوردستان کرد.

سەبارەت بە مامەڵەکردنی دادگاکانی هەرێم لەگەڵ ئاوارەو پەنابەران، ئەو پەنابەرانەی کە خەڵکی عێراق نین و خەڵکی سوریان بەتایبەت کوردە ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان، ئەگەر کارێکیان بکەوێتە دادگاکانی هەرێم (بەتایبەت مەسەلەی مارەبڕین یان جیابوونەوە و بابەتەکانی تایبەت بە یاسای باری کەسێتی)، نووسراویان بۆ ئاسایشی گشتی هەرێم دەکرێت، ئەویش بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ناسنامە و بەڵگەنامانەی کە هەیانە و ئاسایش بەپێی بەڵگەنامەکان لاری نەبوونی خۆی بە نووسراوێك بۆ ئەو پەنابەرە دیار دەکات. دواتر دەبێت ئاوارەی رۆژئاوای کوردستان سەردانی دادنووس بکات و لەوێ بەڵێننامەیەك پڕ دەکاتەوە کە بۆ نموونە مارەبڕین دەکات یان بۆ جیابوونەوەیە یانیش بۆ پرسەکانی تایبەت بە کۆچکردن و دەرهێنانی بەیاننامەی کۆچکردن یان هەر پرسێکی تایبەت بە یاسای باری کەسێتیە کە لێرەدا بە پێی یاسای عێراقی لەگەڵیان مامەڵە دەکرێت و هەندێ جار لە کاتی نەبوونی ناسنامە یان بەڵگەنامەی پێویست دوو شایەد دێنن و مامەڵەکانیان رایی دەکەن.

بۆ ئاسانکاری زیاتری ئەو پەنابەرو ئاوارانەش، ئێستا دادگایەکی تێهەڵچوونەوە (استئناف) لەناوچەی شێخان کراوەتەوە کە تایبەتە بۆ بەدواداچوون بۆ کێشەی ئەو ئاوارانەی کە خەڵکی پارێزگای نەینەوا و شاری موسڵ و دەوروبەرین. واتا ئەگەر خەڵکی موسڵ کێشەیەکی مەدەنی یان تایبەتی نێو سنووری پارێزگای نەینەوایان هەبێت ئەوە سەردانی ئەو دادگایە دەکەن. ئەگەر ئاوارەیەك لە سنوری دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر یان سلێمانی یان دهۆك تووشی تاوانێك یان رووداوێك هات، ئەوە ئەگەر سکاڵا تۆمار کرا، هەر لە سنوری ئەو دادگایە، پرۆسەی دادبینی بۆی بەڕێوە دەچێت، بە پێی یاسا بەرکارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر لە ناوچەیەکی دیکەی عێراق تووشی رووداوێك یان تاوانێك بوون، ئەوە لێرە بەپێی ئەوەی کە ئایا ناوبراو سکاڵای تۆمار کردووە یانیش تاوانبارە، مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێت و ئەگەر تاوانبار بێت دەستگیر دەکرێت و بە پێی دەسەڵاتی شوێنی(اختصاص مکانی) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

بە هەمان شێوە سەبارەت بەو ئاوارانەی کە خەڵکی عێراق نین، بە تایبەت ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان، بەپێی یاسا بەرکارەکانی عێراق و هەرێم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاسایشی گشتی و دادنوسەکانی هەرێمی کوردستان.

## وەزارەتی داد :

بە شێوەیەکی گشتی چەمکی دادپەروەری لە هەر گۆشە و نیگایەك لە ژینگەی یاسایی فەراهەم دەبێت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا و بە شێوەیەکی یەکسان لەبەردەم دادگا مافیان دەبێت. لە هەرێمی کوردستان هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە لەبەردەم دادگا پارێزگاری لە خۆی بکات، هەروەها لە کاتی دەست بەسەر کردنیان

پێویستە ڕاستەوخۆ تۆمەتەکەیان ئاراستە بکرێت کە بە هۆیەوە دەست بەسەر کراوە، هەروەها دەتوانێت پارێزەر بۆخۆی دابین بکات.  ئەگەر نەیتوانی پارێزەر بۆخۆی دابین بکات ئەوا دادگا پارێزەرێکی بۆ دابین دەکات و تێچووەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت. ئەمە ڕێکارێکی یاسایی دادگەرییە و ستەمکار و ستەم لێکراو بە مافی شیاوی خۆیان دەگەن بە شێوەیەك ستەم کار سزا دەدرێت و ستەم لێ کراو مافە زەوتکراوەکانی بۆ دەگەڕێندرێتەوە.

هەر کاتێکیش کەسێك مافی زەوت بکرێت یان ستەمی لێبکرێت، مافی ئەوەی هەیە داوا تۆمار بکات و داوایەك بە نوسراو ئاراستەی دادگای تایبەتمەند بکات، لە بەردەم دادگا کێشەکەی یەك لایی دەکرێتەوە، جا دانیشتووی هەرێمی کوردستان بن یاخود ئەو ئاوارانە بن کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو  مافە یاساییانەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هەیانە لە ڕووی  مەدەنی و سزایی بە هەمان شێوە بەپێی یاسا بۆ ئەو ئاوارانەش دابینکراوە کە لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێم کردووە بە مەبەستی گەیشتن بە دادپەروەری ئاوارەکانیش دەگرێتەوە، بەو پێیەش مافی کڕین و فرۆشتن و بە کرێ گرتنی خانوو و ئۆتۆمبێلیشیان هەیە. هەروەها لە ڕووی دەستخستنی بەڵگەنامە پێویستەکان دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گشتی پێداویستییەکانیان دابین کردووە، ئەمە جگە لەو خزمەتگوزاریانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشیان دەکات لە هەموو بوارەکانەوە.

### مافی ئاوارە و ڕاگوێزراوان لە ڕووی یاساییەوە:

- ڕووکردنە دادگاکان بە مەبەستی پێشکەش کردنی سکاڵا یان داوا لە (دادنووس، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە) و دام دەزگاکانی دیکەی هەرێم.
- بەناو کردنی شوققە وخانوو.
- دەستخستنی مۆڵەتی شوفێری لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ.
- سەردانی کردنی فەرمانگەی باج لەکاتی ئەنجامدانی مامەڵەی کڕین و فرۆشتن.
- دەستخستنی پاسپۆرت و بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی دیکە لە کاتی ون بوونیان.

## کوردانی ئێزیدی

ئێزیدییەکانی خاوەن ئایین و مێژوویەکی دەوڵەمەند و دابونەریت وکەلتووری تایبەتی خۆیانن زۆربەشیان لە نزیك پارێزگای موسڵو ناوەندی قەزای شنگالو دەوروبەری لە ناوچە دابڕاوەکانی باشوری کوردستان، واتە سنوری نێوان عیراق و کوردستان دەژین بەتایبەی لەسنوری پارێزگای موسڵ نیشتەجێن لە "قەزای شێخان،

باشیك، بەحزانی، شنگال، زومار، ئەلقوش"، لەسنوری پارێزگای دهۆك " شاری سمێل، کۆمەڵگای خانکێ، ناوچەی دێرەبون و ئەم ناوچانەش هەموویان کەوتبوونەتە بەر هێرشی تیرۆریستانی داعش و ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون.

ژمارەی ئێزیدییەکان لە عێراق دەگاتە نزیکەی (550,000) پێنج سەد و پەنجا هەزار کەس دەبێت، لە ئەنجامی هێرشەکانی داعش نزیکەی (360,000) سێ سەد و شەست هەزاریان ئاوارە و پەراگەندە بوون، دوای هێرشەکانی داعش بۆ دەشتی موسڵ و داگیرکردنی شەنگال لە سەرەتای مانگی ئابی 2014 تەنیا ئێزیدییەکان نەبوونە ئامانجی تیرۆریستان، بەڵکو لەگەڵ ئەوان کریستیان و شەبەك و تورکمانەکانی ناوچەکەش رووبەرووی جینۆساید و نەهامەتی و کارەسات بوونەوە و بۆ رزگارکردنی ژیانیان ناچاربوون شوێنەکانی خۆیان جێهێشت و روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام لەبەر تایبەتمەندیی ئێزیدییەکان هێرشەکان زیاتر بۆ لە ناوبردنی ئەوان بوو.

ئێزدییەکان گروپێکی ئایینین لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆربەشیان لە نزیك پارێزگای موسڵو ناوەندی قەزای شنگالو دەوروبەری لە ناوچە دابڕاوەکانی باشوری کوردستان، بەشێکی تریشیان لە رۆژئاوای کوردستانو باکوری کوردستان، رۆژهەڵاتی کوردستان و جۆرجیاو ئەرمینیا دەژین و لەڕووی رەگەزیو نەتەوەییەوە کوردن، بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنی نیشتەجێبونیان زۆرجار کەوتونەتە ژێرکاریگەریی رۆشنبیریو کلتوری "عەرەبی، ئاشوری، سریانی"و زۆرجاریش جلوبەرگی پیاوەکانیان نزیکە لە جلوبەرگی عەرەبیەوە، بەڵام جلوبەرگی ئافرەتەکانیان لە جلوبەرگی سریانیەوە نزیکە.
ئێزدییەکان بە کوردیو شێوەزاری کرمانجی ئاخاوتن دەکەن، لەهەمانکاتدا بە زمانی عەرەبیش قسە دەکەن، بەتایبەت ئێزدییەکانی باشیكو نزیك پارێزگای موسڵ، بەڵام نوێژو ئەنجامدانی سروتی ئایینیو کتێبە ئاینینەکانیشیان بە زمانی کوردییە، پیرۆزترین شوێنی ئاینیشیان مەزاری "لالش"ەو کە گەورەترینو دیارترین کەسایەتیەکانیشیان "میر تەحسین بەگ"ە لە کوردستانو عیراقو جیهاندا.
زۆربەی ئێزدییەکان لەعیراق لەڕووی ئایینییەوە پەیوەستن بەخاکی "لالش"، کەوای ئەژماردەکەن پێش هەموو کەسێك بۆ ئەوان و تەواوی ئێزدییەکانی جیهانە، سەرژمێرییەکانی ئێزیدی لە عیراق "500 بۆ 700" هەزار کەسەو کەوتوونەتە هەردوو شاری "شێخان" باکوری پارێزگای موسڵ و "شنگال" لەسەر سنوری سوریا، بە درێژایی "80" کلیۆمەتر دووری پارێزگای موسڵ، کە چەندین شارۆچکەو گوندی گەورە و بچوك و ئۆردوگای نیشتەجێبون لە خۆ دەگرن.

## شوێن‌و جێگای نیشته‌جێبونی ئێزیدییه‌كان

له‌ سنوری پارێزگای موسڵ "قه‌زای شێخان، باشیك، به‌حزانی، شنگال، زومار، ئه‌لقوش"، له‌سنوری پارێزگای دهۆك " شاری سمێل، كۆمه‌ڵگای خانكێ، ناوچه‌ی دێره‌بون"، به‌ڵام له‌سوریاو رۆژئاوای كوردستان له‌دو ناوچه‌ نیشته‌جێبون‌و چڕبونه‌ته‌وه‌، ئه‌وانیش "ناوچه‌ی جه‌زیره‌ی فورات‌و چیای حه‌له‌ب"ن، ژماره‌ی ئێزدییه‌كان له‌سوریاو رۆژئاوای كوردستان ده‌گاته‌ "12 بۆ 15 " هه‌زار كه‌س به‌پێی سه‌رژمێری فه‌رمی، هه‌روه‌ها سه‌رژمێرییه‌كان ئه‌وه‌ پشڕاستده‌كه‌نه‌وه‌ زۆربه‌ی ئێزدییه‌كان له‌سالأنی هه‌شتاكان له‌سوریاوه‌ به‌ره‌و ده‌ره‌وه‌ی وڵات كۆچیان كردووه‌، له‌لایه‌كی تریشه‌وه‌ له‌كاتی جه‌نگی نێوان "عیراق - ئێران" له‌ سه‌ره‌تای ساڵانی هه‌شتاكان تا ساڵی 1988 نزیكه‌ی "50" هه‌زار ئێزیدی له‌ عیراقه‌وه‌ بۆ سوریا كۆچیان كردووه‌. هه‌روه‌ك به‌شێكی زۆر له‌ سه‌رچاوه‌كان ئاماژه‌ بۆ ئه‌وه‌ ده‌كه‌ن له‌ توركیاو باكوری كوردستان له‌سه‌ده‌ی بیسته‌مدا به‌ تایبه‌ت له‌ ساڵی 1982 ژماره‌ی ئێزدییه‌كان بۆ "30" هه‌زار كه‌س كه‌م بۆوه‌ به‌ جۆرێك له‌ ساڵی 2009 ژماره‌یان گه‌یشته‌ "500" كه‌س، واته‌ زۆربه‌ی ئێزدییه‌كانی توركیاو باكوری كوردستان به‌ره‌و ئه‌وروپا كۆچیان كرد، به‌تایبه‌ت و دیاریكراوی "ئه‌ڵمانیا"، ژماره‌یه‌كی كه‌میان ئێستا له‌مه‌ڵبه‌ندی مێژوویی خۆیان "نور عابدین"ن و له‌"سیرت‌و ئۆرفاو قارس‌و ئاغری‌و ئه‌ردهان"ن له‌ سنوری ئه‌رمینیا. كۆچی ئێزیدییه‌كان بۆ ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و وڵاتانه‌ی تیایدا ژیاون گه‌وره‌ترینیان له‌توركیاوه‌ بووه‌و دوای ئه‌ویش عیراق، بۆ ئه‌ڵمانیا نزیكه‌ی "40" هه‌زاركه‌س و به‌شێكیان بۆ رۆژئاوا وه‌ك "باكوری راین‌و ستڤالیاو ساكسۆنیای خواروو، هه‌روه‌ها له‌ وڵاتی سوید له‌ ساڵی 2008 چوار هه‌زار ئێزیدی‌و له‌گه‌ڵ به‌شێكی كه‌م له‌ هۆڵه‌نداو به‌لجیكاو دانیمارك و فه‌ره‌نساو سویسراو وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكاو كه‌نه‌داو ئوستراليا نیشته‌جێن كه‌ ژماره‌یان ناگاته‌ پێنج هه‌زار كه‌س.

دوای هێرشه‌كانی داعش بۆ ده‌شتی موسڵ و داگیركردنی شه‌نگال له‌ سه‌ره‌تای مانگی ئابی 2014 ته‌نیا ئێزیدییه‌كان نه‌بوونه‌ ئامانجی تیرۆریستان، به‌ڵكو له‌گه‌ڵ ئه‌وان كریستیان و شه‌به‌ك و توركمانه‌كانی ناوچه‌كه‌ش رووبه‌رووی جینۆساید و نه‌هامه‌تی و كاره‌سات بوونه‌وه‌ وبۆ رزگاركردنی ژیانیان ناچاربوون شوێنه‌كانی خۆیان جێهێشت و روویان له‌ هه‌رێمی كوردستان كرد، به‌ڵام له‌به‌ر تایبه‌تمه‌ندیی ئێزیدییه‌كان هێرشه‌كان زیاتر بۆ له‌ ناوبردنی ئه‌وان بوو.

## هێرشی داعش بۆ سه‌ر شنگال و ناوچه‌ ئێزیدی نشینه‌كان

له‌ 8/3/ 2014 تیرۆریستانی داعش هێرشیان كرده‌ سه‌ر ناوچه‌ ئێزیدی نشینه‌كانی موسڵ و زۆربه‌ی ناوچه‌كانی داگیر كرد و به‌ دڕنده‌ترین شێوه‌ ره‌فتاریان له‌گه‌ڵ ئێزیدییه‌كان و تاوانی كۆمه‌ڵكوژییان كه‌ به‌ هه‌ر

پێوەرێک بێت دەچێتە خانەی تاوانی (جینۆساید) ئەمە سەرەڕای سووتانی گوند و ماڵ و رفاندنی هەزاران پیاو و ئافرەت و منداڵی ئێزیدی و مامەڵە کردن لەگەڵیان وەک سەبییە و فرۆشتنیان لە بازاڕەکانی موسڵ و رەققە، دوای کارەساتەکە راستەوخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە هەڵمەتی بە پڕۆسەی بە هاتنی ئێزیدییەکان کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

## دابینکردنی ئاسایش و شوێنی حەوانەوە

لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی داعش، هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئاسایش رووبەرووی هێرشەکانی داعش بوونەوە بۆ رزگارکردنی ئێزیدییەکان و پێش رزگارکردنەوەی شنگال توانیان زیاتر لە (5,000) لەو ئێزیدییانەی لە چیای شنگاڵ گەمارۆ درابوون رزگار بکەن و بیانگوازنەوە پارێزگاکانی کوردستان، هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسەکانی یوئێن لە کوردستان شوێنی حەوانەوەی تایبەتان بۆ دابینکرا. تەنیا تێچووی دابینکردنی شوێنی حەوانەوەی زستانە بەپێی زانیارییەکانی حکومەتی هەرێم گەیشتە (28) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، ئەم هاوکاری و خزمەتگوزاریانەش پێشکەشکران بە رزگار کراوەکان وئەوانەی لە کەمپەکان نیشتەجێن.

## دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی پێویست بۆ ئاوارە ئێزیدییەکان

لە دوای رووداوەکانی سوریا و هێرشەکانی داعش بۆ سەر موسڵ و شەنگال و چەند ناوچەیەکی دیکەی نزیکەی دوو ملیۆن کەس روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و حکومەتیش هەڵساوە بە دابینکردنی شوێنی حەواندنەوە و درووستکردنی کەمپی نیشتەجێبوون لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی بۆیان و دابینکردنی خۆراك و ئاوی خواردنەوە وخزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی پەروەردە و خوێندن و تەندروستی بۆیان بە هاوکاری وهەماهەنگی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نا حکومییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی ئابووریدایە و هاتنی پەنابەر و ئاوارە فشارێکی زۆری درووستکردووە،ئەگەر سەیری هەموو کەمپەکانی پەنابەر و ئاوارەکان بکەین دەبینین کە ئێزیدی، عەرەب، شەبەك، مەسیحی، تورکمانەکانی شیعە ...تاد، وەکو یەك یارمەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن بەتایبەت لە رووی تەندروستییەوە، و هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا ناکرێت و لە هەوڵی بەردەوام بووە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان، چونکە شێوازی مامەڵەی تیرۆریستان داعش زۆر توند و قێزەون بوو بەرامبەریان، یەکێك لە لایەنە هەرە گرنگەکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی پێداوە لایەنی تەندرووستی جەستەیی و دەروونی و دابینکردنی پێداویستییە تەندروستییەکانە، بۆیە بەردەوام لە هەوڵدایە

لە رێگای وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و منداڵبوون و دایکایەتی، هەروەها رەچاوی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی تایبەتی بواری توندروستی دەکات، چەندین بنکەی تەندرووستی تایبەت بە لەدایکبوون لە کەمپەکان دامەزراوە تا ئۆکتۆبەری 2014 هەزاران منداڵی ئێزیدی لەدایکبوون لە نەخۆشخانەکان و بنکە تایبەتەکانی لەدایکبوون.

بە گوێرەی راپۆرتەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) ئەو خزمەتگوزاریانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی ئاوارەکانی دەکات زۆر باشتر و پێشکەوتووترن لەوانەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق پێشکەش دەکرێن، سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم تەنیا رێژەی (19%ی خزمەتگوزاری تەندروستی پێویستی پێدەگات لە بەغدا کە پشکی هەرێمە بەبێ رەچاو کردنی ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارەی ئێزیدی و ئەوانەی لە سوریا و ناوچەکانی دیکەی عێراق روویان لە هەرێم کردووە.

حکومەتی هەرێم بەبەشداری گشت دامودەزگاکانی حکومەت هاوکاری بە پەلەی پێشکەش بە ئاوارە ئێزیدییەکان کرد لە گشت بوارەکان، چونکە ئێزیدییەکان دووچاری هێرشی لە ناکاوی داعش بوونەوە و تەنیا ژیانی خۆیان رزگار کرد تەنانەت بەشێکیان لەژێر دەستی داعش لە ناوچە داگیرکراوەکانیان مانەوە و رزگاریان نەبوو.

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) ئەرکی پاراستنی تەندروستی ئافرەتە رزگارکراوەکان لە بواری تەندروستی (جەستەیی- دەروونی) بە ئەولەویاتی کارەکانی خۆیان داناوە.

لە ماوەی نێوان 2014/11/15 تا 2015/3/31 و راستەوخۆ دوای کارەساتی ئاوارە بوونی ئێزیدییەکان حکومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە پەیوەندیدارەکان و بەمەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی زیاتر بۆ ئاوارەکان و پاراستنیان، ژمارەیەک پزیشك و یاریدەدەری پزیشکی و پەرستاری دامەزراند، لەگەڵ کردنەوەی (550) بنکەی تەندروستی گشتی و گەڕۆك لە پارێزگاکان و هەر پارێزگایەکیش بەگوێرەی ژمارەی ئەو ئاوارانەی روویان تێکردووە.

هەروەها بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوی ئەنتەرناشناڵ میدیسن کۆرپس (IMC) هەستاوە بە هاوکاری کردنی ژمارەیەك پەرستار لە دهۆك بۆ مەشق و راهێنان و کردنەوەی خولی تایبەت و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە ئاوارەکان، و دابینکردنی دەیان ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بۆ دهۆك و هەولێر، لە هەمان کاتدا دەرمانی دابینکردووە بۆ (11) شوێنی جیاجیا کە سەرەنجام زیاتر لە (54) هەزار کەس لەو داو و دەرمانانە سوودمەند بوون، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێم هەشت بنکەی تەندروستی گەڕۆکی سەربەخۆی دانا جیا لەوانەی پێشتر لەلایەن رێکخراوەکانەوە دامەزرابوون کە خزمەتگوزاری تەندرووستی و پشکنینی بۆ دەیان هەزار

ئاواره ئەنجامداوە، لەگەڵ ناردنی دوو بنکەی گەڕۆك بۆ کەمپەکانی هەولێر، هەروەها لە هەماهەنگیدایە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیان بەو ئاوارانەی لە کەمپەکانی پارێزگای دهۆك نیشتەجێن.

دانانی تیمی چاودێری پزیشکی لە کەمپەکان تەنانەت ئەو شوێنانەی کە گەیشتن پێیان زۆر سەختە کارێکی بەپەلەی حکومەت بوو بۆ رزگار کردنی ئاوارەکان، هاوکات خولی مەشق و راهێنانی بۆ کارمەندانی فریاگوزارییە پێویستەکان کردەوە ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشییەکان و رێگا گرتن لە بڵاوبوونەوەیان، چونکە ئێزیدییەکان دوای ئاوارەبوونیان پێویستیان بە خزمەتگوزاری تەندروستی خێرا هەبوو.

لە ڕووی دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی گەشەپێدانی نیشتیمانی داناوە بە راوێژ لەگەڵ رێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندرووستی بۆ ئاوارەکان. سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی ئابووریدایە و هاتنی ئەم هەموو ئاوارانە فشارێکی زۆری درووستکردووە، بەڵام گرنگییەکی زۆری بە ئاوارە ئێزیدییەکان داوە و لە هەوڵی بەردەوام بووە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان و نەهێشتنی کەموکوڕیەکان، یەکێك لە لایەنە هەرە گرنگەکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی پێداوە لایەنی تەندرووستی جەستەیی و دەروونی و دابینکردنی پێداویستییەکانیانە.

حکومەتی هەرێم لە هەوڵدایە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و منداڵبوون و دایکایەتی و ڕەچاوی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی تایبەتی بواری تەندروستی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش لە کەمپەکاندا بنکەی تەندروستی دانراوە کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە ئاوارەکان دەکات و چەندین بنکەی تەندرووستی تایبەت بە لەدایکبوونی لە کەمپەکان دامەزراندووە و بە هەزاران منداڵی ئێزیدی لەدایکبوون لە نەخۆشخانەکان و بنکە تایبەتەکانی لەدایکبوون، و بە هیچ شێوەیەک رێگا لە ئاوارەکان ناگیرێت بۆ وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشی بچنە دەرەوەی کەمپەکان، هەروەها لە هەموو رسوماتی تەندروستی بەخشراون.

لەلایەکی دیکەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی تەندرووستی جیهانی گرنگییەکی تایبەتی داوە بە تەندرووستی ئافرەتە رزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، لەگەڵ چاودێری بە پەلەی تەندرووستی ئافرەتانی دووگیان و ئەوانەی منداڵیان بووە، رێگە گرتن لە دووگیانی نەخوازراو، مردنی منداڵان و تووشبوونیان بە نەخۆشییەکان و چەندین کلینیك و سەنتەری تایبەتی بۆ تەندروستی ئافرەتان لە بواری منداڵ بوون لەو کەمپانە کردۆتەوە، بۆ ئاگاداربوونی زیاتر لە تەندرووستی ئافرەتان لە کاتی منداڵبوون و دوای منداڵبوون.

سەرەڕای ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانەی لە کەمپەکانەوە پێشکەش بە ئاوارەکان دەکرا، لە هەمان کاتدا نەخۆشخانەکانی پارێزگاکانیش پێشوازییان لێکراوە بەتایبەتی ئافرەتانی دووگیان و ئەوانەی منداڵیان بووە لە نەخۆشخانەی هەولێر بەشێکی نوێی ئافرەتان و منداڵبوون کرایەوە. هەروەها ئەو ئافرەتە ئێزیدیانەی کە

دووگیان بوون دوای ئازاد کردنی شەنگاڵ بەشێکی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە و خزمەتگوزاری تایبەتیان پێشکەش کراوە.هەروەها وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەرکی پاراستنی تەندروستی ئافرەتە رزگارکراوەکان لە بواری تەندروستی (جەستەیی- دەروونی) بە ئەولەویاتی کارەکانی خۆیان داناوە.

کارەساتی ئافرەتە ئێزیدییە رفێندراوەکان، جگە لە کاریگەریی جەستەیی، کاریگەریی دەروونی زۆریشی لە دوای خۆی جێهێشت، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە تەندروستی دەروونی ئاوارەکان بە گشتی و ئافرەتە ئێزیدییە رزگاربووەکان بەتایبەتی داوە، چونکە ئەم ئافرەتانە دووچاری کوێلایەتی و دەستدرێژی بوونەتەوە، ئەمەش کاریگەریی دەروونی زۆری لەسەریان هەبووە و پێویستیان بە چاودێرییەکی تەندروستی چڕ هەبووە.

بۆ دووبارە گەڕانەوەی ئەو ئافرەتانە بۆ نێو کۆمەڵگا، سەنتەرێکی چارەسەری جەستەیی ودەروونی تایبەت بە ئافرەتە رزگاربووەکان لە دهۆك دامەزراوە و چەندین پزیشك وپسپۆڕی دەروونی لە دەرەوە هاتوون بە هاوکاری پزیشکە دەروونییەکانی ناوخۆیی خۆبەخش لەم سەنتەرەدا کار دەکەن لەوانەش د. نەغم نەوزاد کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رێزی لێنرا و یەکێک بووە لەوانەی ڕووی دەروونی و بواری تەندروستییەوە هاوکاریی ئەو کچە ئێزیدییانەی کردووە کە لە دەست داعش رزگار دەکرێن و تا ئێستا خزمەتگوزاری پێشکەش بە سەدان ئافرەتی رزگارکراوی دەست داعش کردووە، بەڵام بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە ئەم سەنتەرە لە زۆر رووەوە کەموکوڕی هەیە و پێویستە بە هاوکاری زیاتری لایەنە نێودەوڵەتییەکان هەیە بۆئەوەی بتوانێت خزمەتگوزاری پێویست پێشکەش بەو ئافرەتانە بکات.

لەلایەکی دیکەوە بە هەزاران ئافرەتی ئێزیدی بەشداربوون لە خولی وشیار کردنەوە سەبارەت بە تەندرووستی ئافرەتی دووگیان و چۆنیەتی راگرتنی پاك و خاوێنی جەستەیی خۆیان لەو ژینگە نوێیە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بەشێوەیەکی سروشتی و تەندروست لە دایك ببن.

## رۆڵی حکومەتی هەرێم لە رزگار کردنی ئێزیدییە رفێندراوەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رۆژی 2014/11/25 لیژنەیەکی دامەزراند بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوون لە کەیسی ئێزیدییە رفێندراوەکان و بودجەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ رزگارکردنیان، دوای گەڕانەوەشیان حکومەت هەموو ئامادەکارییەك دەکات بۆ حەواندنەوەیان ودووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا. لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەی حکومەتی هەرێم توانراوە ژمارەیەکی زۆر لە رفێندراوەکان ئازاد بکرێن.

بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارەی ئافرەتە رفێنردراوەکان بەم شێوەیە بووە: بەر لە هاتنی داعش ژمارەی ئێزیدییەکان لە عێراق نزیکەی (550000) پێنج سەد و پەنجا هەزار کەس بووە، لە ئەنجامی داگیرکردنی ناوچەکانیان لەلایەن داعشەوە نزیکەی ( 360000) سێ سەد و شەست هەزاریان ئاوارە بوون و (1293)یان شەهید بوون، (6417) هاوولاتی کوردی ئێزیدی رفێندراون لەوانە ( 3547)یان ئافرەت و (2870)یان پیاو بوون.

بە هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەت تا رۆژی 2017/7/8 ژمارەی ئێزیدییە رزگارکراوەکان (3048) بووە لەوانە (1093) ئافرەت و (334) پیاو و (819) کچ و (803) کوڕ رزگار کراون، ئەوانەی تا ئێستا رزگار نەکراون ژمارەیان (3369) کەسە لەوانە (1636) ئافرەت و (1733) پیاون کە لە دەست داعشدا ماون.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ پاراستنی مافی ئافرەت لە هەرێم، ئەو ئافرەتە ئێزیدیانەی کە لە کەمپەکان بوون و ئەوانەی رزگار کران هەمان مافی ئافرەتانی هەرێمیان هەیە و بەپێی ئەو یاسا و رێوشوێنانەی لە هەرێم پیادە دەکرێن ئەوانیش مافیان پارێزراو دەبێت، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی رێکخراوەکانی بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ و نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان چەند بنەمایەکی یاسایی داناوە بۆ پاراستنی مافی ئافرەتان، لەم رووەوەش یاساکانی تایبەت بە پاراستنی مافی ئافرەت لە کوردستان هەمان یاسان کە لەسەر ئاستی نێودەولەتی پیادە دەکرێن.

## هەوڵەکانی بە جینۆساید ناساندنی کەیسی ئێزیدییەکان

بەگوێرەی گشت پێوەر و پرەنسیپە جیهانییەکان ئەو تاوانانەی دەرهەق بە ئێزیدییەکان ئەنجامدراون لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە کوشتن لەسەر جیاوازی بیروباوەڕ و تالان کردن و داگیرکردنی زەوی و خاك و رفاندنی کچ و منداڵ بە جینۆساید دادەنرێت، بۆیە حکومەتی هەرێمی هەوڵی زۆری داوە بۆ بە جینۆساید ناساندنی کەیسەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

سەبارەت بەم بابەتە حکومەتی هەرێم لێژنەیەکی دامەزراندووە کەپێکهاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و نوێنەری یاساناسی ئێزیدییەکان پێکەوە لەگەڵ چەند لایەنێکی تر. ئەرکی سەرەکی ئەم لێژنەیە کۆکردنەوەی زۆرترین بەڵگە و دوکیۆمنتە لەسەر تاوانەکانی داعش و تا ئێستا بە هەزاران بەڵگە لەسەر ئەم تاوانە کۆکراونەتەوە، هەروەها چەندین لێژنەی لاوەکی دامەزراوە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بۆ ئەوەی کاریگەریی زۆریان هەبێت لە ناساندنی ئەم کەیسە وەك جینۆساید. هەروەها چەند لێژنەیەکی تری لاوەکی دامەزراون لە ئەمریکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، یەکێتی ئەوروپا و دەستیان بە کارەکانیان کردووە. بەم میکانیزمەوە حکومەتی هەرێم لە هەوڵی ئەوەدایە رێکارە یاساییەکان بگرێتە بەر بۆ تۆمارکردنی ئەم داواکارییە و پێشکەش کردنی بەڵگە پەیوەندیدارەکان بۆ دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای.

لەلایەکی دیکەشەوە دامودەزگا حکومیەکان لە هەرێم پێکەوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی رێگا بدرێت بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات لە وڵاتدا لە بابەتی ئەو تاوانانەی کە دژ بە ئێزیدییەکان ئەنجامدراون لەلایەن داعش.

## دەنگۆی بە کورد کردنی ناوچە تازە ئازاد کراوەکان

لە بەشێکی راپۆرتەکەدا باس لەوە کراوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات دانیشتووانی ناوچەکە ناچار بکات بۆ ئەوەی خۆی بە کورد بناسێنن واتە هەوڵی بە کورد کردنی ناوچە تازە ئازادکراوەکان دەدات بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە ئێزیدییەکان لێی نیشتەجێن، لێرەدا لایەنە پەیوەندیدارەکان بەم شێوەییە راو سەرنجی خۆیان سەبارەت بەم بابەتە دەخەنە روو:

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف (لایەنی پەیوەندیدار):**

بەشی هەرەزۆری ناوچە تازە ئازاد کراوەکان کە مەیدانی شەڕی دژی داعش بوون و ناوچەی سەربازین و خەڵکی تێدا نییە، بۆیە هەر تۆمەتێک لەو بوارەوە گوایە هەوڵی بە کوردکردنی دەدرێت دوورە لە راستییەوە. بە هیچ شێوەیەک داوا لە ئێزیدییەکان نەکراوە کە خۆیان بە کورد بناسێنن، چونکە خۆیان کوردن و بە زمانی کوردی ئاخافتن دەکەن و ئەمەش پێویستی بە بەڵگە نییە.سەبارەت بە تێکدانی خانووەکانیان لەو ناوچانە کە شەڕێکی قورس بە چەند قۆناغێک تێیدا روویداوە، ئەگەر خانووێک رووخێنرابێت ئەوا یان تیرۆریستانی داعشە تەقاندوویانەتەوە یاخود لە شەڕەکانی ئازادکردنەوەیان لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکان رووخێنراوە، بەدەر لەم دوو هۆکارە هیچ خانووەک نەرووخێنراوە.

لە هەرێمی کوردستان هەموو ئازادییەک بە کەمە ئایینییەکانی وەکو ئێزیدی، کریستیان، کاکەیی سابیئەی مەندائی...هتد دراوە، بە هەمان شێوە پێکهاتە نەتەوەییەکان ئازادن لە رادەربڕین و هاتوچۆیان لە سنووری هەرێمی کوردستان. لەم نێوەندەشدا پەیڕەوانی پێکهاتە ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان تەواوی ئازادییان هەیە لە جێبەجێکردنی سرووتە ئایینییەکانی خۆیان و لە شوێنەکانی خۆیان، هەرووەها حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئاسانکارییەک پێشکەش بە پەیڕەوانی ئایین و مەزهەبەکانی دیکە دەکات لە هەموو بوارەکانی ئەمنی، پەروەردەیی و بواری کەلتووری، رۆشنبیری، جەژنەکانی ئێزیدی و کریستیانەکان بە جەژنی فەرمی دادەنرێن، هەروەها ئایینی خۆیان لە قوتابخانەکانی خۆیان دەخوێنن، بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی ئەو ناوچانە کوردین و خەڵکەکەشی بە کوردی قسە دەکەن و پێویستی بە بە کوردی کردنیان نییە.

وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەمانبیستووە لە هیچ شوێنێکی هەرێمی کوردستان جیاوازی لە نێوان دانیشتووانەکان هەبووبێت یاخود

کرابێت. هیچ جارێکیش ئێزیدییەکان ناچار نەکراون کە بە زۆری پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاخود پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن. سەبارەت بە گەڕانەوەی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ سەر زێدی خۆیان تا ئێستا ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان گەڕاونەتەوە سەر زێدی خۆیان، چونکە ناوچە ئازاد کراوەکان وەک ناوچەی سەربازی وان، بۆیە ناکرێ باس لەوە بکەین کە مامەڵەیان خراپیان لەگەڵ کراوە لە کاتێکدا نەگەڕاونەتەوە.

سەرۆک بارزانی هەمیشە هانی ئێزیدییەکانی داوە کە دژی داعش بجەنگن و شان بەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشداری بکەن لە بەرگریکردن لە خاکی خۆیان و رزگارکردنەوەی. لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسە سەربازییەکانی بەرگری و ئازادکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی دەست داعش هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک یەک بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کردووە بەبێ گوێدانە پێکهاتەی ئایینی و نەتەوایەتی خەڵکی ئەو دەڤەرانە، بە هەمان شێوە لە کاتی پاراستنی دانیشتوانی ناوچەکانیش هیچ جیاوازییەک ناکەن لە نێوان لەبەر هەر هۆکارێک بێت.

هیچکات رێگری لە ئێزیدیەکان نەکراوە بێنە نێو هەرێمی کوردستان، چونکە لە دوای ساڵی 2014 هەموو ئێزیدییەکانی عێراقیش لە هەرێمی کوردستان دەژین و هیچ جیاکارییەکی ئایینی لەگەڵ ئێزیدییەکان نەکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام هەندێک لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان جیاوازی دەکەن لە نێوان کریستیانەکان و ئاوارەکانی دیکە.

سەبارەت بە رێگە گرتن لە خۆپیشاندانی ئێزیدییەکان لە لالش و هەڵوێستی دادگاکانی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە ئێزیدی و پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە دەڵێین ئەم تۆمەتە راست نییە و رێگری لە هیچ خۆپیشاندانێک نەگیراوە، چونکە هەموو ئێزیدییەکان ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەژین و لالش دەکەوێتە کوردستان. لە دادگاکانی هەرێمی کوردستانیش هەموو پێکهاتە و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان یەکسانن لە مامەڵە کردن لەگەڵیان، هەروەها نەمانبیستووە و نەمانبینیوە کە دادگاکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری سیاسییان بەسەرەوە دیار بێت.

لەو خۆپیشاندانانەی کە ئەنجامدراون هیچ چالاکوانێکی ئێزیدی لە خۆپیشاندان دەستگیر نەکراوە و ئەشکەنجە نەدراوە، جاری وا هەبووە کە هەندێک ئێزیدی لەسەر کەیسەکانی (سب و تشهیر و قذف) بە کەس و لایەنەکان دەستگیر کراون، بەڵام هیچ کەسێک بەهۆی ئازادی رادەربڕین و لەبەر هۆکاری سیاسی دەستگیرنەکراوە و ئەوانەش کە دەستگیرکراون خێزانەکانیان هەڕەشەیان لێنەکراوە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە.

**بەرپرسی لقی چواردەی پارتی دیموکراتی کوردستان(لایەنی پەیوەندیدار):**

هیچ جیاوازیەک لە نێوان زمانی دایک لە دەڤەری شنگال و ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا نییە، هەروەها لەلایەنی جیوپۆلیتیکی و جوگرافی ئەو دەڤەرانە ناوچەی کوردستانین و هەموو بەڵگە مێژووییەکان دووپات لە کوردبوونی ئەو ناوچانە دەکەنەوە و پێویست ناکات جیاوازی بکرێت لەسەر کوردبوون یان کوردنەبوونی ئێزیدییەکان ئەگەر هەندێک دەنگۆش هەبێت ئەوا لەبەر بەرژەوەندی تایبەت ئەو لێدوانانە دەدەن و هیچ بنەمایەکی نییە.

ئەو دەڤەرە تایبەتمەندی خۆی هەیە وەک فەرمانگەی حکومی وەک قائمقام یان سەرۆک قەزاو ناحیە و هەر هێزێک هەبێت لە خەڵکی ناوچەکە پێکهاتووە بەتایبەت لەدوای ئازادکردنی بە خوێنی دەیان شەهید و بریندارى پێشمەرگە، بۆ زانیاری وەک رێزگرتنێک بۆ ئێزیدیەکان هێزێک بۆ ناوچەی شنگال دامەزراوە، هەروەها لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆک بۆ ئێزیدیەکانی باشیک فەرمانی دامەزراندنیان بۆ درا لەناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگە.

ئەو هێزەی کە رێگری لە گەڕانەوەی خەڵکی ناوچەکە دەکەن ئەو هێزانەن کە پاڵپشتی ماددی و هێز لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە وەردەگرن بە مەبەستی تێکدانی رەوشی هەرێمی کوردستان، قائمقامی شەنگالیش وەک بەرپرسی ئیدارەی شەنگال چەندین جار بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەی پێداوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا رەنگە هەندێک لایەن زۆری لە ئێزیدیان کردبێت کەوا واز لە کوردبوونیان بهێنێت وەک ئەوەی لە سەردەمی رژێمی بەعس هەموو کۆمەڵگەی ئێزیدیەکانی بەناوی عەرەبی کردبوو.

لە هەرێمی کوردستان هەموو کەسێک بەبێ رەچاوکردنی جیاوازی ئایینی، نەتەوەیی و مەزهەبی ئازادە بۆ هەرشوێنێک هاتوچۆ بکات، هەروەها ئازادن لە پەیڕەوکردنی سرووتە ئاینیەکانی خۆیان و پەرستگای لالەشیش باشترین نموونە و بەڵگەیە بۆ ئەمە، هەروەها مامەڵەی خراپ لەگەڵ پێکهاتە ئاینیەکان نەکراوە بە پێچەوانەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر هاریکاریان پێشکەشکردووە. هەر لەم رووەوە و لە بەر بوونی کەمایەتی ئایینی و مەزهەبی لە کوردستان حکومەتی هەرێم پشتیوانی لە ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان دەکات ئەویش بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی لە وەزارەتی کاروباری ئاینی بۆ هەر ئایینێک.

هیچ هاووڵاتییەک لە هەرێمی کوردستان لەسەر بیروباوەڕی ئایینی و مەزهەبی دەستگیرنەکراوە بۆ نمونە لە شەنگال بۆچوونی زۆر جیاواز هەنە تاوەکو گەیشتۆتە رادەی سنوور بەزاندنیش، بەڵام هیچ کەس دەستگیر نەکراوە لەسەر ئەم بابەتە و دادگاکانی هەرێم بەشێوەیەکی یەکسان سەیری هەموو هاووڵاتیان دەکات. یاسا سەروەرە و هیچ جیاوازییەک بەرامبەر پێکهاتەکان نەکراوە لەلایەن حکومەت و هاووڵاتیان بەڵکو حکومەت وەک ئەرک و هاووڵاتیانیش هاریکاریان پێشکەشکردووە، چونکە دادگاکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری هیچ لایەنێکی سیاسیان بەسەرەوە نییە.

هێزی پێشمەرگە ئەرکی پاراستن و ئازادکردنی ئەو ناوچانەی لەسەر شانە و لەسەر بنەما و رەوشتی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی و یەکسانی پەروەردەکراوە بۆیە هیچ جیاوازی لە نێوان هیچ پێکهاتەیەک ناکات، باشترین بەڵگە کەوا هیچ رێگری لە ئێزیدیەکان نەکراوە کەوا بێن بۆ ناو هەرێمی کوردستان لە کاتی ئاوارەبوونی ئێزیدیەکان دەرگای هەموو ماڵێک لە کوردستان و قوتابخانەو مزگەوت والا بوو بۆیان سەرەرای هەبوونی چەندین کەمپ بۆ ئاوارە ئێزیدیەکان، هەروەها لە نێو ئاوارەکان و کەمپەکاندا نەکراوە بە شێوەکی یەکسان هەموو مافی هاریکاریکردنیان هەیە.

## یارمەتیدانی ئێزیدییەکان لەرووی یاسایی و کارگێڕییەوە

### بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف (لایەنی پەیوەندیدار):

زۆربەی هەرە زۆری ئاوارەکان بەڵگەنامە رەسمییەکانیان نەبوو کاتێك ئاوارە بوون، بۆ ئەوەی ئاسانکارییان بۆ بکرێت حکومەتی هەرێمی هاوکارییەکی زۆریان دەکات بۆ دەستخستنی ئەو بەڵگەنامانە بە دوو رێگا بەپێی ریزبەندی بەڵگەنامەکان:

1. فۆرمێکی تایبەتیان بۆ درووست دەکرێت لە قایمقایمیەتی شنگال بە ناوی (استمارە استبدال) کە ناوی هەموو ئەندامانی خێزانەکەی تێدایە ئەمەش بە شێوەیەکی کاتییە بۆ رایی کردنی کاروبارەکانیان و لەلایەن دام و دەزگاکانی حکومەتەوە کاری پێدەکرێت، ئەم فۆرمە بەشێوەیەکی کاتییە.

2. ئەوانەی کە لە شنگال رزگار بوون سەرەتا ئێمە نووسراوێکیان بۆ دەکەین بۆ فەرمانگەی باری شارستانی لە شێخان، دواتر نووسراوێکی تریان بۆ دەکەین بۆ فەرمانگەی رەگەزنامە لە شێخان بۆ دەستخستنی رەگەزنامە ئەم دوو فەرمانگەیەش سەر بە بەغدان و بە هەماهەنگی لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم کار دەکەن، ئینجا لە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت و نشینگەی دهۆك کە هاوکارییەکی زۆری ئاوارەکان دەکات لەم رووەوە، پاسپۆرتیان بۆ دەردەکات، بەمەش ئەو ئاوارانە دووبارە دەبنەوە خاوەن ئەم بەڵگەنامە پێویستانە.

3. جگە لەم بەڵگەنامانە ئاوارەکان دەتوانن لە هەرێمی کوردستان بەڵگەنامەکانی تریش دەست بخەن وەك مۆڵەتی شوفێری بەپێی ئەو رێنماییانەی کە لە هەرێم پیادە دەکرێ.

4. لەلایەکی دیکەوە گشت قوتابییە ئاوارەکان بە هەموو قۆناغەکانی خوێندن هەر لە سەرەتاییەوە تاکو زانکۆ درێژە بە خوێندنی خۆیان دەدەن لە هەرێم بەپێی (استمارە الاستبدال) و بۆ ساڵی خوێندنی 2015-2016 تەنیا ئەو قوتابییە ئێزیدیانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم بە میوانداری (استضافة) دەخوێنن

ژمارەیان (1050) قوتابییە ، لە هەموو کەمپەکانیش قوتابخانەی کراوەتەوە و ئەو ئاوارە لە دەرەوەی کەمپەکانیشن لە قوتابخانەکانی شوێنەکانی خۆیان درێژە بە خوێندن دەدەن.

5. هەروەها وەك هەموو دانیشتووانی هەرێم هەموو مافێکی یاساییان هەیە و دەتوانن سکاڵا لە دادگاکانی هەرێم بەرز بکەنەوە.

## کریستیانەکان

### بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کریستیانەکان لە وەزارەتی ئەوقاف (لایەنی پەیوەندیدار)

لەو ناوچانەی کە شەڕی داعشی تێیدایە روویداوە و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازییەکان تێیدا دەژین، هەوڵی بە کورد کردنی کەمەنەتەوەکانی تر نەدراوە، چونکە هیچ گومانی تێدا نییە کە لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی ناوچەکانی کریستیان پێشمەرگە رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو و بەشێکی زۆر لە گوندەکانی کریستیان لەلایەن پێشمەرگەوە ئازادکراوە و تاکو ئێستاش ئەرکی پاراستنی ئەو ناوچانەی لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام سێ رۆژ دوای ئازادکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە ژمارەیەک خانووی هاووڵاتیان دوای تاڵان کردنیان سووتێنراوە، هەروەها لەو ناوچانەی کە لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاد کراون، لە هەندێک شوێن سەرپێچی کراوە، بەڵام دوای ئەوەی بەرپرسە باڵاکانی پێشمەرگە لە لایەن کەنیسەوە ئاگادار کرانەوە کێشەکان چارەسەر کراون.لە هەندێک شوێن نەبێت کە میلیشیاکانی شەبەک کە پەیوەندییان بە پێشمەرگەوە نییە لە دەشتی نەینەوا دەست بەسەر زەوی کریستیانەکاندا گیراوە بەتایبەتی لە بەرتللە.

لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کریستیانەکان رۆڵی بەرچاویان هەیە لە دەرکردنی بڕیارەکان راوێژ لەگەڵ حزبەکانی کریستیان و کەنیسەکانیش دەکرێ، هەروەها نوێنەرایەتی کریستیانەکان لە زۆربەی دامودەزگا حکومییەکان هەیە و پۆستی بەرز بە کەسایەتییەکانی کریستیان سپێردراوە، لەلایەکی دیکەوە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کریستیانەکان مۆڵەت دراوە بە زیاتر لە (هەشت) کەنیسەی بیانی کە پێیان دەڵێن (Evangelical churches) کار بکەن لە کوردستان و خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن بەتایبەتی بە ئاوارەکان، جگە لەمە کریستیانەکان بەو پەڕی ئازادییەوە گشت بۆنە و ئاهەنگ و سرووتە ئایینییەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن بەبێ بوونی هیچ بەربەستێک، هەروەها جگە لە کریستیانەکان گشت پێکهاتە ئایینییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتگیرییان لێدەکرێت و ئێستا لە وەزارەتی ئەوقاق بە فەرمی مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە ئایینییەکان دەکرێت بۆ ئەم مەبەست (هەشت) بەڕێوەبەرایەتی ئایینەکان لە وەزارەتی ئەوقاف بوونیان هەیە و کاروباری خۆیان ئەنجام دەدەن ئەوانیش( موسڵمان، کریستیان، ئێزیدی، جوو، کاکەیی، صابئەی مەندائی، زەردەشتی، بەهائی)

بۆیەلە  هیچ شوێنێکی هەرێمی کوردستان هەست بە جیاوازی ناکرێ لە نێوان دانیشتوانی لەسەر بنەمای ئایین یان نەتەوە و مەزهەب.

هەر لەم چوارچێوەیەشدا دەرفەتەکانی کار کردن چۆن بۆ کوردانی موسڵمان هەیە بە هەمان شێوە بۆ هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبەکان هەیە، تەنانەت ئەو ئاوارانەی کە لە باشووری عێراقەوە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە لە دوای ساڵی 2005 و تا هاتنی داعش، ئەمانە دەرفەتی دامەزراندنیشیان بۆ رەخساوە، هەروەها لە رێگای بەڕێوەبەرایەتییەکەمان هەرچی کێشە و گرفتێکی کریستیانەکان یان کەنیسە هەبێت چارەسەر دەکرێن، و وەک هەر هاووڵاتییەکی دانیشتووی هەرێم مامەڵەی کریستیانەکانیش بەپێی یاسا و رێنماییەکان رایی دەکرێت.

## سەرۆکی ئەساقفەی کلدانی هەولێر (لایەنی پەیوەندیدار)

لەدوای ساڵی 2003 جۆرێك لە ئاژاوە و ناسەقامگیری بە شێوەیەکی گشتی لە سەرانسەری عێراق دروست بووە و ئەم ناسەقامگیرییە ئەو ناوچانەشی گرتووەتەوە کە زۆرینەی دانیشتوانی کریستیانن بەتایبەتی ناوچە کریستیان نشینەکان لە بەغداد، بەسرە و موسڵ. لەم ناوچانە کریستیانەکان بوونە ئامانجی هێرشە تیرۆریستییەکان و زوڵم و چەوسانەوەیەکی گەورەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و ئابووری دەرهەق بە مەسیحییەکان ئەنجامدرا. لەم نێوەندەدا تەنها حکومەتی هەرێمی کوردستان باوەشی بۆ زیاتر لە 200 هەزار ئاوارەی کریستیان کردۆتەوە و پێشوازی لێکردوون.

لە دوای شەڕی نەگریسی داعش، تیرۆریستان لەسیاسەتی و دڕندانەی خۆیان کەسیان نەپاراست، لەوانەش پێڕەوانی ئاین و نەتەوەکانی دیکە، کە خاوەن کلتووری ڕاستەقینەی خۆیان بوون و لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە دڕندانە کەوتنە گیانی ماڵ و منداڵ و کەس و کاری ئەو کەسانەی کە مل کەچ نەبوون بەرامبەر بە سیاسەتی قڕکردن، بەتایبەتی لە موسڵ، کریستیانەکان...بوون بە قوربانی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەلە چەندین گوند و شارو لادێ، ڕووبەڕووی تاڵان و سەربڕین و ڕاوە دوونان بوونەوە، لە ئەنجامی ئەوەش لە زێدی باب و باپیرانیان دوورخرانەوە.

لە ئەنجامی ئەم وێرانکارییەدا هەرچی کریستیان هەبوو، بەشێکی زۆری ڕوویان لە کوردستان کرد، بەشاڵاو ڕژانە کەنیسەکان، لێرەش باوەشی گەرمیان بۆ کرایەوە، ڕاستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەیران بوو، بەڵام وا نەبێت بێدەنگ بوو بێت، بگرە باوەشی گەرمی بۆ کردنەوە بۆ ئەوەی ئێش و ئازاری دەربەدەر بوون نەبێتە مایەی سڕینەوەیان، بۆیە ئێستا کوردستان بەو باوەشە ئارامە ناو دەبەن، کەبوو بە ماڵی ڕاستەقینەیان و هەستیان بەوە کرد، کە لە ماڵی خۆیانن و غوربەتی خۆیان لە بیرچۆوە.

بێگومان هاتنی هەزاران ئاوارە بۆ کوردستان، لە بارودۆخێکی ئابووری سەخت بووە، بەڵام ئەمە نەبووە مایەی کەم تەرخەمی لەلایەن دەسەڵاتی کوردستان، بەڵکو ئەو پەڕی پشتیوانی گەورەیان دەربڕی بۆ کەمکردنەوەی ئازاری کریستیانەکان، ئەگەرچی ئەو پێشوازیە زۆر ئاسان نەبوو، چونکە هاوکات هەزاران ئاوارەی دیکە ئێزیدیەکان و عێراقییەکان و سوورییەکانیش پێشتر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد بۆ حەسانەوەو ژیان، کریستیانەکان هەستیان کرد کە لە وڵاتی خۆیانن و  حکومەتی هەرێم بەدەنگ خەمی کریستیانەکان هاتن، هەمیشە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئازاری کریستیانەکان بووە، لە نزیکەوە گوێی لە خەمەکانی ئێمەی گرت، بە کردەوەش بڕیاریدا کە هاوبەشی ئەو گرفتانە بێت.

ئێمە بە هاوکاری حکومەتی هەرێم، وامان کرد کە بەشێکی زۆری ئەو کرستیانە ئاوارانە نیشتەجێ بکەین، بێگومان بە هاوکاری کەنیسەکانی جیهان، کە بە ڕاستی جێگای بەختەوەری ئێمەیە، بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییەوە ڕەفتاریان لەگەڵ کەیسی ئاوارەکان کرد و هەرگیز کەمتەرخەم نەبوون لە گەیاندنی هاوکاری بۆ ئاوارەکان و زۆریش سەخیانە ئەو هاوکاریە مرۆییانەیان پێشکەش دەکردین، بەمەش نموونەیەکی زۆر جوانیان بە هەڵوێستی مرۆڤایەتی خۆیان پێشکەش کرد، کە لە بیرناچێتەوە.

ئەم هاوکارییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لە نەهامەتییەکانی کریستیانەکانی کەمکردەوە کە لە بەشەکانی دیکەی عێراقەوە روویان لە کوردستان کردبوو. ئەگەر هێرشەکانی ساڵی 2014ی تیرۆریستانی داعش نەبوایە، زۆر لە کریستیانەکانی هەندەرانیش بیریان لەوە کردبووە کە بگەڕێنەوە و لە کوردستان درێژە بە ژیانیان بدەن و بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوەی وڵاتی خۆیان بکەن. جگە لە هاتنی داعش هۆکارێکی دیکە کە بووە هۆی ئەوەی کریستیانەکان نەگەڕێنەوە، ئەو گەمارۆ ئابوورییە بووە کە حکومەتی ناوەندی بەغدا خستیە سەر هەرێمی کوردستان و بودجەی بڕی، ئەمەش کاری کردە سەر پڕۆژەکان و لایەنەکانی دیکە، بۆیە وەبەرهێنەرانی کریستیان نەیانتوانی بگەڕێنەوە.

لە بەرامبەردا هاوکاری ڕێکخراوەکانی جیهانیەکان لە بەرامبەر بەو حاڵەتە مرۆڤایەتییە لە ئاستی پێویست دا نەبوو، چونکە ئەو کارەساتانە زۆر گەورەتر بوون کە  بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەیسە بکرێت و هێشتا ئەو ڕێکخراوانە نەیانتوانی وەڵامی داخوازی ئاوارەکان بدەنەوە کە دووچاری ماڵوێرانی بوون. بە هەمان شێوە حکومەتی ناوەندیش هاریکاری نەکردووین و ئەرکی مرۆڤایەتی خۆی بە ئەنجام نەگەیاند، بگرە زۆر لە داخوازی ئێمەیان فەرامۆش کرد، کە هەمووی داخوازی مرۆڤانە بوون و بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستان، حکومەتی ناوەند، نەیتوانی دەرمان بۆ ئەو ئاوارانە دابین بکات، کە ئەوەش خەمی نەخۆشەکانی زیاتر کردوو.

هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە درێژایی 1060 کیلۆمەتر لە دژی تیرۆریستانی داعش شەڕ دەکەن، قوربانی دەدەن و بەرگری دەکەن، هەروەها هێزێکی کریستیانەکان بوونیان هەیە کە لە ژێرچاودێری پێشمەرگە مەشق دەکەن، بەڵام ئەم هێزە پێویستی بە هاوکاریی سەربازی و چەك و تەقەمەنی و مەشق پێکردن هەیە و دەبێت پشتگیری ماددی و مەعنەوی بکرێن. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئێستا

کریستیان لە سەرتاسەری عێراقدا تەنها لە هەرێمی کوردستان بوونیان ماوە، کە لە شارەکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی نیشتەجێن.

سەبارەت بە پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکان دیارە ئەم پێکەوەژیانی نێوان کورد و کریستیان مێژوویەکی دێرینی هەیە و چەندین گوندی کریستیان هەن کە لەگەڵ گوندی کورد دراوسێن و پێکەوە دەژین، لەهەمانکاتدا ناوچەش هەیە کورد و کریستیان پێکەوە دەژین و ئەم پێکەوەژیانە بۆتە کەلتوور و لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان رەنگی داوەتەوە، ئەمەش بە جۆرێکی لێهاتووە کە کریستیانەکان دەڵێن ئێمە رۆڵەی ئەم خاکەین و خۆمان بە بیانی نازانین، هەروەها ئەم پێکەوەژیانە بۆتە رەزامەندی فاتیکان کە هەموو کات دوو پەیامە، یەکەمیان دەربڕینی پشتگیریی فاتیکان و کەنیسەی کاسۆلیکییە بۆ کریستیانەکان بۆ ئەوەی کۆچ نەکەن و لە وڵاتی خۆیان بمێننەوە، دووەمیان پەیامی سوپاس و پێزانینە بۆ حکومەت و گەلی کوردستان کە بەو جۆرە پێشوازییان لە کریستیانەکان کردووە و باوەشیان بۆ گرتوونەوە. ئەم پەیامەی فاتیکان گرنگی خۆی هەیە بۆ کوردستان، لەبەر ئەوەی فاتیکان گەورەترین پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان هەیە. بۆیە ئەم پەیامی سوپاسگوزارییەی فاتیکان بۆ حکومەت و گەلی کوردستان دووبارە پێناسەی ئەو سیاسەتە دەکاتەوە کە حکومەتی کوردستان لەسەر ئەرزی واقیع پیادەی دەکات. دیارە سیاسەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ پێشوازی ئەو هەموو ئاوارەیە هەمووی کریستیان نییە، بەڵکو تەنها نزیکەی 200 هەزاری کریستیانن و زیاتر لە 350 هەزاری هاووڵاتیانی ئێزیدین، بەشێکی زۆری ئاوارەی کوردانی سووریایە، هەروەها بەشێکی دیکەی عەرەبی شیعە و سوننەن کە لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

بەشێوەیەکی سەرەکی فاتیکان هاندەرە بۆ ئەم لێبوردەیی و پێکەوەژیانە و بەهەموو شێوەیەك پشتگیری لێدەکات، ئەگەر ئێستا سەیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینین بوارێك بۆ لێبووردەیی و پێکەوە ژیان لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بوونی نەماوە، هەربۆیە کاتێك کوردستان وەك وڵاتێك لەم ناوچەیە دەبینین کە نموونەیەکی دیکەی لێبوردەی و پێکەوەژیان دەخاتەڕوو، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەلایەن زۆربەی دەوڵەتانی جیهانەوە بەگشتی و دەوڵەتی فاتیکان بەتایبەتی بە گرنگییەوە سەیری دەکرێت. ئەم ئەم بارە تەندروستەی سەقامگیری و لێبووردەیی و پێکەوەژیانەی کوردستان بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە و ئەرکی سەرشانی هەموو پێکهاتە و ئایین و نەتەوەکانی کوردستانە بپارێزن و زیاتر بیچەسپێنن، ئەمەش بەرهەمی مێژووی گەلی کوردستانە و خۆڕسکانە هاتۆتە بەرهەم و لایەك بەسەر لایەکەی دیکە فەرزی نەکردووە، بۆیە گرنگە ئەم حاڵەتە بپارێزین و شانازی پێوە بکەین.

سەبارەت بە سرووتە ئایینەکانی خۆمان و شوێنە پیرۆزەکانی کریستیانەکان لە کوردستان ئاشکرایە کە لە دوای ساڵی 1930ـەوە کە لە کوردستان شۆڕش دەستی پێکردووە، بەشی زۆری ناوچەکانی کریستیانەکان بوونە ئامانجی فڕۆکە و بۆمبارانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق. لەم ناوچانەی کریستیانەکان

مەزاری زۆر دێرین هەبوون و چەندین گوند کاول بووە، بەڵام لە ساڵی 2003 هەوڵدرا زیاتر لە 40 گوند بۆ کریستیانەکان ئاوەدان بکرێتەوە و چەندین مەزاری دێرین نوژەن بکرێتەوە. ئاوەدانکردنەوەی ئەم گوندانە پێش شاڵاوی ئەم دواییەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر موسڵ و دەشتی نەینەوا، بووە هۆکاری ئەوەی بەشێکی زۆر لە کریستیانەکان روو لە هەندەران نەکەن.

سەبارەت بە گەڕانەوەی ئاوارە کریستیانەکان دیارە، هەندێك لە کرستیانەکان گەڕانەوە، بەڵام ئێستا مووسڵدووچاری وێرانی بووە، دیمەنەکانی پڕ لە کارەسات بوون، کە هێشتا بە کەڵکی ژیان نایەت و خزمەتگوزاری پێویستی ژیان نەگەیشتۆتە ئەو ناوچانە کە ڕووبەرووی وێران بوون، هاوکات دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ئەرکی مرۆڤانەی خۆی هەڵسێت، ناکرێت بە دەر بێت لە هەڵمەتی ئاوەدانی بەردەوام و لە ئاست ئەو کارەساتە بێدەنگ بێت ئەرکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەو لایەنە نێودەوڵەتیانەیە کە بتوانن بە دەنگ ئاوەدانی بێن و بیر لە چارەنووسی ئەو شارانە بکەنەوە کە بوون بە قوربانی دڕندایەتی داعش و دەبێت ژیان بۆ ئەو شارانە بگەڕێننەوە.

پێمان سەیرە کە هەندێك جار، دەڵێن کەم تەرخەمی هەیە لە لایەن دەسەڵاتی کوردستان بەرامبەر بە کرستیانەکانی ئاوارەکان، کە ئەوەیان گوناهێکی گەورەیە، چونکە بۆ مێژوو دەڵێم، کە بە پێچەوانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سەخیانە ڕەفتاری کرد، کە ئەوەش کارێکی زۆر مرۆییانە بوو، هەرگیز لە بیری ناکەین و ئومێدمان وایە کە لە ئایندەیەکی نزیك ئەو ئاوارانە بگەڕێنەوە بۆ زێدی باپیرانیان، ئەوەش ئاواتی ئێمەیە.

## مەترانی ئەبریشیەی زاخۆ و ئامێدی(لایەنی پەیوەندیدار)

دەبێت پێکەوەژیان و ئاشتی خەمی هەر تاکێکی کوردستانی بێت و بیپارێزین و پەرەی پێبدەین. ئەم وڵاتەی ئێمە لەگەڵ ئەوەی لە دێرزەمانەوە پێکەوەژیانی تێدابووە ئەمەش نەك تەنها بەرامبەر کریستیانەکانی کوردستان، بەڵکو بەرامبەر هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان بایەخی پێدراوە، کاتێکیش تیرۆریستان لە دوای 2003 تائێستا هێرشیان کردۆتە سەر برا کریستیانەکانمان لە بەشەکانی دیکەی عێراق، هەرێمی کوردستان دەرگای بۆ ئەوان واڵا کردووە و بە ڕێز و خۆشەویستییەوە پێشوازی لێکردوون، هەروەها هەرێمی کوردستان بۆتە نەوایەکی ئارام بۆ خەڵکانی دیکەش کە لە دەستی تیرۆریستان ئاوارە بوون، هەم لە عێراق و هەمیش لە سووریا.

وێڕای ئەو بارە ئابوورییە سەختەی کە کوردستانی خستۆتە قەیرانێکی ئابووری گەورەوە، هەروەها وێڕای ئەوەی کوردستان بە درێژایی 1100 کیلۆمەتر بەرەی شەڕی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش هەیە، بەڵام پێشوازی لە نزیکەی 2.5 ملیۆن ئاوارە کردووە و توانراوە هەموویان نیشتەجێ بکرێن و تا رادەیەکی باش خزمەت بکرێن و بە ئاشتی بژین، ئەم کەشە ئارامەی دابینکراوە، بەرهەمی خوێنی ئەو پێشمەرگانەیە کە تا ئێستا نزیکەی 1500 پێشمەرگە شەهید بوون، ئەم پێشمەرگانە شەهید بوون بۆ ئەوەی هەموومان بە ئازادی و ئاشتی لەم کوردستانە بژین، بۆیە دەبێت هەموومان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە، بەرامبەر بە قارەمانیەتی و شەهیدەکانی پێشمەرگە وەفادار بین، ئەوان بەرەڤانییان لە کەرامەتی هەر تاکێکی ئەم کوردستانە کردووە. هەروەها دەبێت هەموومان بەوەفا بین بۆ پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا بوون و بەرەڤانییان لە کەرامەتی هەموو کوردستانییەکان کردووە، ئەو برا کریستیانەی ئێمە کە لە موسڵ و دەشتی نەینەوا ئاوارە بوون و هاتوونە کوردستان و ئێستا لە کوردستان نیشتەجێن، هەموو خەڵکی کوردستان بێ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی هاوکاری کردوون، لەمەش گرنگتر ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی عەرەب روویان لە کوردستان کردووە و هەموویان وەك دانیشتووانی کوردستان بە ئاشتی و ئازادی دەژین و رێزیان لێدەگیرێت.

هەروەها کاتێک لە ساڵی 2005 پاپا یوحنا پۆلس پێشوازیی لە سەرۆکی هەرێم کرد لە ڤاتیکان، زۆر بە ئیعجابەوە باسی پێکەوەژیان و ئاشتی کوردستانی کرد و رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر ئەم پرسە بەرز نرخاند، لەم روانگەیەوە کاتێك کە باس لە رۆڵی حکومەت دەکرێت، واقیعە و هەموو جیهان بە چاوی خۆی دەیبینێت، ئەوەتا هەموو پێکەوە لەسەر ئەم خاکە بە سەربەرزی و ئاشتی دەژین. هەروەها لە مانگی 8 و 9ی ساڵی 2014 دوو کاردیناڵ کە نوێنەری پاپا بوون لە ڤاتیکانەوە سەردانی کوردستانیان کرد، سەردانی ئاوارەکانیان لە عەینکاوە و دهۆك کرد، بینیان چۆن حکومەت بەبێ جیاوازی هاوکاری هەموو ئاوارەکانی کوردستان دەکات، ئەوان زۆر بەو پێکەوەژیانە ئاشتییەی کوردستان سەرسام بوون.

بەشی هەرە زۆری کریستیانەکانی عێراق، ئەوانەن کە لە دوای ساڵی 1961 و دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول، لەلایەن رژێمەکانی عێراقەوە گوندەکانیان بۆردومان کراوە و بە ناچاری روویان لە بەغدا و موسڵ کردووە، تەنانەت بەشێکیان چوونە بەسرا، ئەوەی جێگەی سەرنجدانە لە ساڵی 1961 تا ساڵی 2004 ماوەی چل ساڵ زیاترە ئەو کریستیانانەی چوونە ئەو شارانە لەگەڵ کەلتووری ئەوان ژیاون و تێکەڵییان پەیدا کردووە، بەڵام لە دوای 2003وە هەر لە لایەن دراوسێکانی خۆیانەوە بوونە هەڕەشە لە سەر ژیانی کریستیانەکان و چەندین جار لە ساڵەکانی 2003، 2006، 2009، هێرشیان کراوەتە سەر و کەنیسەکانیان تەقاندۆتەوە، لە دوای هاتنی تیرۆریستانی داعشیش، ئیتر کریستیانەکان هەر هەموویان ئاوارە بوون و ماڵ و موڵکیشیان داگیرکراوە، لەبەرامبەردا ئەوانەی ماوەی 40 ساڵ بوو کوردستانیان بەجێهێشتبوو، کە گەڕانەوە هەموو موڵك و ماڵی خۆیان بۆ گەڕێندرایەوە، لەمەش زیاتر ئەوانەی هاتوونەوە کوردستان شەو و رۆژ بۆ هەر کوێیەك بچن ئازادن و کەس هەقی بە سەریانەوە نییە.

ئەمەش راستییەک رادەگەیەنێت کە ئەگەر مێژوو لە ئازادییەوە دەست پێبکات، ئەوا پێویستە مێژووی کوردستان لە ساڵی 1991ـەوە تۆمار بکرێت، لەو کاتەوەی کوردستان گەیشتە ئازادی، پرسیارێک دێتە کایەوە لە ماوەی 1991 تا ئێستا چی کراوە؟ بێگومان لەم کەشە ئازادەی کوردستاندا خەڵکانێکیش هەبوون کە حەزیان کردووە لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە جیاوازی بکەن و بڵێن ئێمە سەر بە فلانە ئایین و نەتەوە، یان حزبین، بەڵام لەبەر ئەوەی پەروەردە دروستەکە باڵادەست بووە، بەوەی نابێت جیاوازی بکرێت، ئێستا پێکهاتەکان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە هەموویان لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەریان هەیە.

بەشێکی زۆری کریستیانەکان شان بە شانی برا کوردە موسڵمانەکان بەشدارییان لە شۆڕشەکانی کوردستاندا کردووە و کاریگەرییان هەبووە لەسەر شۆڕش و دەستکەوتەکانی لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێت کە لە ساڵی 1960 یەکەمین شەهید کە درابێت شەهید مەلك چەکۆ بووە کە کریستیان بوو، کوردەکان خۆیان رایانگەیاند یەکەم شەهیدی ئێمە مەلك چەکۆ-یە، ئێمە کریستیانین ئەگەر جیاوازی ئایینییان بکردایە، کوردەکان بە کوژراوەکانی ئێمەیان نەدەگوت شەهید، کە خۆیان بە شەهید ناویان بردن، ئەمەش مانای ئەوەیە هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی و ئایینی بوونی نەبووە.

## سەرۆکی دێری حەزرەتی مەریەم و رەبان هورمزد لە ئەلقوش (لایەنی پەیوەندیدار)

لە عێراق دوای ساڵی 2003وە لە ئاکامی ململانێ سیاسییەکان و کاری توندوتیژی و بڵاوبوونەوەی بیری توندڕەوی بەئاشکرا دژایەتی کریستیانەکان کراوە و دەیان پیاوی ئایینی و خەڵکی مەدەنی ناو پێکهاتەی کریستیان کراونەتە ئامانج، پیاوانی ئایینی رفێندراو و کوژراون، تەقاندنەوەی کەنیسەکان وەکو کەنیسەی (سیدة النجاة) لە بەغدا، شێواندنی شوێنەوار و مێژووی کریستیانەکان، ئەم رووداو و کارەساتە یەك لە دوای یەکانە وایکردووە 90%ی کریستیانەکان لە بەغدا و بەسرا و شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق کۆچ بکەن، بەهاتنی داعش بۆ شاری موسڵ و دەشتی نەینەوا تەواوی ئەجێندای دەرکردن و چۆڵپێکردنی کریستیانەکان لەعێراق جێبەجێکرا، بەڵام لەم ناوچەیەدا تەنیا دەرگایەکی ئارام و بە سۆز کە لە رووی کریستیانەکان دانەخرا، هەرێمی کوردستان بوو سەرکردایەتی و تەواوی حزبە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە رۆڵی مێژوویی خۆیان گێڕاوە و سەلماندیان کە هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا تاکە شوێنێکە بۆ پێکەوەژیان و خەڵکەکەی خاوەنی کەلتووری لێبووردەیین، سەرەڕای ئەو گەمارۆ ئابووریەی بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەپێنراوە، هێشتا بەپێی توانا دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ خێزانە ئاوارەکان درێژ کردووە.

کریستیانەکان هەرگیز رۆڵی جوامێرانەی پێشمەرگە لەیاد ناکەن؛ ئەوان پارێزەری گیان و کەرامەتی هەموو پێکهاتەکانن، ئێمە وەکو کەنیسەکانی عێراق و ئەساقف و مەترانەکان پاڵپشتی هەموو ئەو هەوڵانەش دەکەین کە بۆ پرچەك کردنی سوپای پێشمەرگە دەدرێن، دوای ئازادکردنی دەشتی نەینەواش تاکە زەمانەتی پاراستنی گیانی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە دەگەڕێنەوە بوونی هێزی پێشمەرگە و دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارامە لەلایەن

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، کە سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستانی بە کریستیان و تورکمان و ئێزیدییەوە رۆڵەکانیان لە ناو ریزەکانی پێشمەرگەیە و لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە چەند فرقەیەکی تایبەت بەم پێکهاتانە دامەزراوە.

بەپێچەوانەوە بێ زەمانەتی بوونی پێشمەرگە و هێزی نێودەوڵەتی گەڕانەوەی کریستیان و ئێزیدییەکان زۆر زەحمەتە کە کۆمەڵکوژییان دەرهەق کراوە، هەمووومان بینیمان چۆن لە شەو و رۆژێکدا نیوەی چەك و جبەخانەی سوپای عێراق کەوتە بەردەستی داعش، ئەمڕۆ دۆخەکە لە عێراق زیاتر ئاڵۆز و پشێوی پێوە دیارە، تەنانەت لە بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق داعش نییە، کەچی بە هەموو شێوەیەك پێشێلی مافەکانی کریستیانەکان دەکرێت و بگرە رفاندن و کوشتنیان دەرهەق ئەنجام دەدرێت، لە ژێر سایەی حکومەتی ناوەندی دانیشتووانی دەشتی نەینەوا هەر دووچاری رفاندن و کوشتن و کۆچپێکردن و کۆمەڵکوژی پەراوێزخستن بوونەوە. بۆیە پێویستە چارەنووسی دەشتی نەینەوا دیاری بکرێت بە گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە داواکاری هەموو کریستیان و پێکهاتە ئایینییەکانی ناوچەکەیە

وەکو کەنیسەکانی عێراق هەموو هەوڵێکمان داوە بۆ دابینکردنی هاوکاری و یارمەتی مرۆیی ئاوارەکان کە لە کوردستان نیشتەجێن، ئێمەش ئەو راستییە دەزانین بەغدا مستەحەقاتی هەرێمی بڕیوە و ناکرێت بەم شێوەیە وەڵامی رۆڵی پێشمەرگە و کورد لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان بدرێتەوە.

### بەرپرسی لقی (١٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە موسڵ(لایەنی پەیوەندیدار):

مێژووی کوردستان باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هیچ جیاوازی لەنێوان پێکهاتەکان نییە، چونکە هەموو دروشمەکانی خەباتی کورد پێکەوەژیان و برایەتی بووە و شۆڕشەکانی کوردی بەتایبەتی شۆڕشی ئەیلول یەک لە ئامانجە سەرەکی و داخوازییەکانیان پێکەوەژیان و تەبایی بووە. بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر ئەو ئاوارانەی روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە بەهۆی ئەو دەستدرێژی و زولم و زۆرەی لێیان دەکرێت روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و وەک شوێنیکی ئەمن و پێکەوە ژیان هەروەها ژیانی زیاتر لە ٢ ملیۆن ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان بەڵگە و نیشاندەرەی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان شوێنی پێکەوە ژیان و تەبایی هەموو پێکهاتە و ئایینەکانە.

لە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی کە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لەوانەش کریستیانەکان حزب و کۆمەڵە و رێکخراوی سیاسی و کەلتووری تایبەت بە خۆیان هەبێت، لە هەمان کاتدا لە حکومەتی هەرێم و لە رێزی حزبەکانیشدا پۆستی سیاسی و ئیدارییان هەیە تەنانەت لە ناوەندی بڕیاریش و لەم بوارەوە نموونەمان زۆرە.

بەشێوەیەکی گشتی ئازادی ئایینی لەم ناوچانە زۆر دیار و بەرچاوە، بۆ نموونە هێزەکانی پێشمەرگە و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی پارتی لە کاتی دووبارە دانانەوەی خاچ لە کەنیسەی باتنایا و کردنەوەی کەنیسەکە بەشداریان کردووە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئازادی ئایینی لەم ناوچانە هەیە. هەروەها کردنەوەی چەند کەنیسە لە دهۆک بۆ ئەو کریستیانانەی ئاوارە بوونە کەنیسەی رەسول لە گەڕەکی ماڵتا لە دهۆک، هەروەها کریستیانەکان لەهەرێمی کوردستان ئازادن لە هاتوچۆ کردن بەتایبەت لە شارەکانی کوردستان و هیچ رێگرییەکان لێناکرێت سەبارەت بە هاتوچۆکردنیان.

لە هەرێمی کوردستان هەر تاکێک ئازادە لە دەربڕینی بیرو رای خۆی لە رێگای خۆپێشاندان بێت یان بە هەر رێگەیەکی دیکە، بەڵام پێویستە لەژێر رێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆدابێت، هەروها فرە حزبی و ئازادی رادەربرین بۆ هەموو پێکهاتەکانە بەبێ جیاوازی و هیچ فشارێک لەسەر هیچ کەسێک و لایەنێک نییە.

سەبارەت بەو ناوچانەی کە گۆڕەپانی شەڕ بوون و تیرۆریستانی داعش بۆ ماوەیەک دەستی بەسەردا گرتوون دیارە ئەو  ناوچانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە لەلای بەرپرسی فەرمانگە حکومیەکان، قایمقام یان سەرۆکی قەزا و ناحیەکانەوە، ئەگەر هێزێک هەبێت بۆ پارێزگاری لەم ناوچانە ئەوە هەر خەڵکی ناوچەکە خۆیەتی. ئەم ناوچانە بە خوێنی دەیان شەهید و بریندار‌بوونی چەندین پێشمەرگە رزگار کراون، بەڵام تەنانەت رەنگە یەک تابلۆش بە زمانی کوردی نەبێت لەم ناوچەیە.

پێش ئەوەی تیرۆریستانی داعش هێرش بکەن ئەم ناوچانە گەشەسەندن و بەرەوپێش چوونێکی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینیبوو و ئەرکی پاراستنی رەوشی ئەمنی ئەم ناوچانە لە ئەستۆی هێزەکانی پێشمەرگەدا بوو، بەڵام پاش ئەوەی چەکدارانی داعش روویان لەم ناوچانە کردووە هێزە عێراقییەکان بە تەواوی لە موسڵ کشانەوە، هێزەکانی پێشمەرگە ناچاربوون برۆنە ریزەکانی پێشەوە. لەو کاتەدا چەکدارانی داعش ماڵ و حاڵی خەڵکەکەیان بەتاڵان بردن و چەندین خانوویان بۆمبرێژکرد و چەندین تونێلیان بۆ خراپکاری و وێرانکاری لەم ناوچانە هەڵکەندووە بەتایبەتی بۆ تێکدانی خانووی ئەو کەسانەی دژایەتی داعشیان دەکرد ئەگەر هاووڵاتییەکی سادەش بووبا.

کریستیانەکان وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی ناوچەکە تایبەتمەندییەکانیان بە تەواوی پارێزراوبوو، و لە زۆر رووەوە ئاسانکاری بۆ کریستیانەکان و هەموو پێکهاتەکانی دیکە کراوە تەنانەت ئەو عەرەبانەی کە دێنە ریزەکانی پێشەوە، هەر بۆ نموونە کریستیانەکان هێمای خاچێکیان بە ئۆتۆمبێلەکانیانەوە کردووە و لە بەرەکانی پێشەوە هیچ پرسیارێکیان لێناکرێت. پێکهاتەکانی ئەو ناوچانەی کە ئازادکراون بە هەموو شێوەیەک هاریکاری کراون و ئاسانکاری بۆ چالاکی مەدەنی کراوە بۆ گەیاندنی هاوکاری و نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەوە قوتابخانەو ئاو و کارەبا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو رێکخراوانەی کە لە هەرێم کاردەکەن و بە هەمان شێوەی موسڵمان و پێکهاتەکانی دیکە، کریستیانەکانیش هەمان مافیان هەیە

ئەگەر زیاتریش نەبێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا دانیشتوانی دەشتی نەینەوا کە بەشێکیان لە پێکهاتەی کریستیانن لە فەرمانگە حکومییەکان و هێزی پێشمەرگە لەسەر ئاستی هەموو بەشەکان دامەزراون.

هێزی پێشمەرگە بە باوەڕێکی راست ودرووست دامەزراوە و هەردەم ئامادەیە کە گیانی خۆی ببەخشێت بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی و دژی هەر ستەمکارێک بوەستێتەوە بۆیە پێشمەرگە بۆتە سونبولی بەرخودان و پارێزگاری لە هاوولاتیان و هەموو ئایین و مەزهەب و نەتەوەیەک بەبێ جیاوازی دەکات و لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا گشت پێکهاتە ئایینی و مەزهەبیەکان لە خۆ دەگرێت.

ناوچە ئازادکراوەکان ناوچەی کوردستانین بەپێی دەستووری عێراقی ناوچە کێشەلەسەرەکان هەر لە ساڵی 2003 لە رەشنووسی دەستووری عێراقی مادده (58) تایبەت بەو ناوچانە هەبوو. دوای دەنگدان لەسەر دەستووری هەمیشەیی مادده (140)ی دەستووری هەمیشەیی تایبەت بەو ناوچانە و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ناوچەکان بە سێ قۆناغ ئەوانیش ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری و راپرسی دەربارەی چارەنووسی ئەم ناوچانە، بەڵام لەلایەن حکومەتی بەغدا هاوشێوەی حکومەتی گۆڕبەگۆڕی پێشێلی کرد بەڵام ئەو دەڤەرانە ناوچەی کوردستانین بە خوێنی دەیان پێشمەرگە ئازاد کراوە و ناوچەی کوردستانین بەهەموو پێکهاتەکانییەوە لە کریستیان و ئێزیدی و شەبەک.

لەو ناوچانەی هێزەکانی پێشمەرگە تێیاندا خاوەن دەسەڵاتن بە تالان کردنی ماڵ و موڵکی خەڵک رووینەداوە، چونکە ئەوە رەوشتی پێشمەرگە نییە و رێنمایی تایبەت بۆ پێشمەرگە هەیە سەبارەت بە مامەڵە کردن ناوچە ئازادکراوەکان لە راگەیاندنەکانیش دەبینین کە چۆن هێزەکانی پێشمەرگە هاریکاری خەڵکی دەکات، هەروەها بە هیچ شێوەیەک کڕین و فرۆشتن بە زەوی برا کریستیانەکان نەکراو، چونکە بە گوێرەی رێنماییەکان ئەم کارە قەدەغەیە و نابێ بە هیچ شێوەیەک ئەو کارە ئەنجام بدرێت، بەڵام دوای ئازادکردنی هەندێک ناوچە کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبین و سەر بەهەندێک لایەنی وەک لیوای (٣٠)ی حەنین قەدۆن هەوڵدەدەن بۆ کڕین و دەستبەسەردا گرتنی زەوی و زاری کریستیانەکان بەتایبەتی قەرەقوش، تلکێف و بەرتلە کە ئەم هێزە خاوەن دەسەڵاتە و وەعد قەدۆ کە برای حەنین قەدۆیە لەرێگەی ترساندنی خەڵکەوە ئەم کڕین وفرۆشتنە دەکات و ناوچەکە تێکدەدات.

## کێشەی زەوی و زاری کریستیانەکان

### <u>وەزارەتی کشتوکاڵ (لایەنی پەیوەندیدار):</u>

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە ئەرکی خۆیان هەڵساوە لە وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی برا کریستیانیەکان و چارەسەرکردنی هەرکێشەیەک رووبەروویان ببێتەوە سەبارەت بە کێشەی زەوی هاوولاتییە

کریستیانیەکان. ڕەنگە لە هەندێک شوێندا جۆرێک لە سستی هەبێت لە بەڕێوەچوونی کارەکان جێبەجێکردنی داخوازییەکانی هاووڵاتییە کریستیانیەکان، بەڵام ئەم سستیەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە:

**یەکەم/** لە سەردەمی ڕژێمی بەعس واتە پێش ڕاپەرین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک پێشێلکاری بەرامبەر بە هاووڵاتییە کریستیانیەکان کراوە وەک سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان، گێڕانەوەی مافی ئەم هاووڵاتیانە هەندێک جار ئەستەم دەبێت بەتایبەتی کە خەڵکی دیکە بۆ ماوەیەک لەسەرئەم زەویانە جێگیر بێت، بۆ نموونە کۆمەڵگایەک لە ساڵی ١٩٧٨ لەسەر زەوی گوندی (گاڤانا) لە دهۆک (کە زەوی هاووڵاتییە کریستیانیەکان بووە) درووستکراوە بۆ ڕاگواستنی خەڵکی ناوچەی چۆمان (نیازی ڕژێمی بەعس لەم کارە نانەوەی ئاژاوە لە نێوان موسڵمان و کریستیانیەکان بوو بۆیە کۆمەڵگای بۆ موسڵمانان لەسەر زەوی هاووڵاتییە کریستیانیەکان درووستکردووە)، بە هەمان شێوە دەیان کۆمەڵگای دیکەی لەسەر زەوی موسڵمانەکان درووستکرد، لە دوای ڕاپەرین و لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم توانای دارایی نەبوو ئەم هەموو کۆمەڵگایانە بڕووخێنێت و قەرەبووی دانیشتووانەکانی بکاتەوە، بۆیە ئەم کۆمەڵگایانە بوونەتە ئەمری واقع.

**دووەم/** سەبارەت بە گلەیی ژمارەیەکی دیکە لە هاووڵاتییە کریستیانیەکان و دوای بەدواداچوونی داخوازییەکانیان دەرکەوتووە کە هەندێک لە داواکارییەکانیان نارەوایە لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان، چونکە گرنگترین ئامرازی چەسپاندنی دادپەروەریش هەر یاسایە و ئەو مافەی کە بە یاسا بۆ هاووڵاتییە کریستیانیەکان دیاریکراوە پێیان دراوە. چەندین جوتیار کریستیان ئێستا لە هەرێمی کوردستان شاهیدی ئەو ڕاستییەن و دوای بەدواداچوونمان دەرکەوت کە ئەوەی گلەیی لەسەر هەیە چەند گوندێکن، کە ڕاستی داخوازییەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**1-** لە ساڵی ١٩٧٤ تەنیا (٢٣) جوتیار لە گوندی (گاڤانا) بەپێی یاسا زەوییان پێدراوە بە گرێبەست کە (٢١) کریستیان و (٢) موسڵمان بوونە و دوای ساڵی 1974 ئەو گوندە کاول کراوە و خەڵکەکە کۆچیان کردووە و زۆربەی هاووڵاتییە کریستیانیەکان ڕوویان لە بەغدا کردووە و نەگەڕاونەتەوە.

2- لە دوای ڕاپەرین ڕێنمایی تایبەت بەو گوندانەی کاول کراون دەرچوو کە بە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی 1992 ناسراوە و تیایدا هاتووە: زەوی بدرێتە ئەو جوتیارانەی پێش کاولکردن لە گوند زەویان لەبەر دەستدا بووە بەو مەرجەی ئامادە بێت لەبەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە، لە ساڵی ١٩٩٦ لیژنە لەم گوندە دەست بەکاربووە و ئەو جوتیارانەی ئامادە بوون زەوییان پێدراوە لە کریستیان و موسڵمان، بەڵام لە کاتی دابەشکردنی زەوییەکاندا هەندێک زەوی زیادی کردووە لەبەر ئەوەی ژمارەیەک لە کریستیان و موسڵمانەکان لەبەردەم لیژنە ئامادە نەبوونە، بۆیە زەوییەکان دراوەتە ئەوانەی ئامادە بوون ، لە ئەنجامدا (٣٦) کەس لەو جوتیارانە پێشتر کاری جوتیارییان کردووە ڕۆڵەکانیان زەوییان پێدراوە.

3- سەرەڕای ئەمەش سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە روانگەی رێزگرتن لە نەتەوەکانی دیکە بەتایبەتی هاووڵاتییە کریستیانیەکان کە لە دێرزەمانەوە لەم خاکەدا ژیاون و خاکی خۆیانە وەک هەر کوردێک، لیژنەیەکی بۆ داواکاری ئەم برا کریستیانانە پێکهێنا و ئێستا لیژنەکە گەیشتۆتە دوایین قۆناغی کارەکانی و پێشنیاریان پێشکەش کردووە کە وەک حاڵەتێکی بەدەر لە یاسا (استثناء من القانون) زەوی ئەم برا کریستیانانە بۆیان بگەڕێتەوە و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەژێر رۆشنایی رێنماییەکانی سەرۆکی هەرێم پشتگیری لە پێشنیارەکە کردووە و داوا لە ئیدارەی پارێزگای دهۆک کراوە کە جێبەجێی بکات، بەڵام بەپێی ئەم پێشنیارە (١٣) جوتیاری دیکە لە کریستیان و موسڵمان زەرەرمەند دەبن لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٦ زەوییەکانیان وەرگرتووە و ماوەی (٢٠) ساڵە لەبەردەستیاندایە و بەکاری دەهێنن، دیارە هەر مافێک بە یاسا بدرێت و دوای ئەو ماوە زۆرە ئینجا دووبارە لێی وەربگیرێتەوە پێویستی بە کات و رێوشوێنی ئیداری تایبەت هەیە. بەڵام حکومەتی هەرێم لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەم زەویانە.

4- سەبارەت بە گلەیی ژمارەیەک لە برا کریستیانەکان بۆ وەرنەگرتنەوەی زەوییەکانیان و دوای بەدواداچوونی داخوازییەکانیان دوای بەدواداچوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەرکەوت کە ئەوەی گلەیی لەسەر هەیە چەند گوندێکن، وەک گوندی (شکەڤدلی) لە ناحیەی (باتێل) کە راستی داخوازییەکانیان بەم شێوەیەیە لە ساڵی ١٩٧٤ تەنیا (٢٣) جوتیار لەم گوندە بەپێی یاسا زەوییان پێدراوە بە گرێبەست کە (٢١) کریستیان و (٢) موسڵمان بووینە و دوای ساڵی 1974 ئەو گوندە کاولکراوە و خەڵکەکەی کۆچیان کردووە و زۆربەی برا کریستیانەکانroوویان لە بەغدا کردووە و نەگەڕانەوە .

دوای راپەرینی گەلی کوردستان رێنمایی تایبەت بەو گوندانەی کاول کراون دەرچوو کە بە رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی 1992 ناسراوە و تیایدا هاتووە: زەوی بدرێتە ئەو جوتیارانەی پێش کاولکردن لە گوند زەویان لەبەر دەستدا بووە بەو مەرجەی ئامادە بێت لەبەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە، و لە ساڵی ١٩٩٦ لیژنە لەم گوندە دەست بەکاربووە و ئەو جوتیارانەی ئامادە بوون زەوییان پێدراوە کریستیان و موسڵمان بوون، بەڵام لە کاتی دابەشکردنی زەوییەکاندا هەندێک زەوی زیادی کردووە لەبەر ئەوەی ژمارەیەک لە کریستیان و موسڵمانەکان لەبەردەم لیژنە ئامادە نەبوونە، ئەوا زەوییەکان دراوەتە ئەوانەی ئامادە بوون لەبەردەم لیژنە، لە ئەنجامدا (٣٦) کەس لەو جوتیارانە پێشتر کاری جوتیارییان کردووە رۆڵەکانیان زەوییان پێدراوە. هەندێک لەو برا کریستیانانەی گلەییان هەیە هەر لە بەغدا ماونەتەوە و ئامادە نەبوونە بێنە بەردەم لیژنە بۆ وەرگرتنی مافەکانیان، بۆیە بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی زەوی ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان تا ئێستاش کاری پێدەکرێت، هەر جوتیارێک لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی بانگەواز ئامادە نەبێت لەبەردەم لیژنە بۆ وەرگرتنی زەوی بەبێ هۆکارێکی رەوا مافی نامێنێ، بەڵام ئەم برا کریستیانانە لەو ماوە دیاریکراوە کە (٣٠) رۆژ بوو ئامادە نەبوون بەڵکو ماوەی (٧) ساڵ تێپەڕی لەسەر بڕیاری لیژنەی کشتوکاڵ واتە لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن ئینجا هاتنەوە کوردستان، هەمان شت لە گوندەکانی دیکەش روویداوە.

## هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی زەوی کریستیانەکان

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان نووسراوێکی ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم کردووە سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زاری برا کریستیانەکان لە دەڤەری نەهلە کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ نووسراوی ژمارە (74 لە رێکەوتی 2016/4/14) ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و تیایدا سکاڵای چەند گوندێکی (کریستیان) نشینی لە قەزای ئاکرێ بەرزکردۆتەوە کە داوای هاریکاریانکردووە وەک سکاڵای دانیشتوانی گوندی (کەشکاوە) لە ناحیەی دینارتە، هەروەها سکاڵای گوندەکانی نەهلە وەک (چولێ، هیزانکێی سەروو، هیزانکێی خواروو، خلیبلان) دانیشتوانی ئەم گوندانە باس لەوە دەکەن بە نارەوا زیادەڕۆیی کراوەتە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانیان لەلایەن چەند کەسێکی دەستڕۆیشتووی ناوچەکە.

دوای ئەوەی لەلایەن دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤەوە نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا سەبارەت بە پێشێلکاری و دەستبەسەردا گرتنی زەوی برا کریستیانەکان، لایەنە پەیوەندیدارەکان دەستیان بە رێکاری پێویست کرد بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە بە رێگای یاسایی بەم شێوەیەی خوارەوە:

**<u>سەرۆکایەتی هەرێم(لایەنی پەیوەندیدار):</u>**

- دوای ئەوەی لەلایەن دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ نووسراوێک ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کراوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی زەوی و زاری ژمارەیەک لە گوندەکانی دەڤەری (ئاکرێ دۆڵی نەهلە گوندی کەشکاوە) و بەدواداچوون لەم کەیسە، سەرۆکایەتی هەرێمیش لەلایەن خۆیەوە نووسراوێکی بە ناونیشانی سکاڵا بە ژمارە (د-66 لە رێکەوتی 2017/2/8) ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە بە مەبەستی بەدواداچوونی ئەم بابەتە و چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زاری ئەو گوندانە.
- هەروەها سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە پشت بەستن بە نووسراوی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ نووسراوی ژمارە (د-232 لە رێکەوتی 2016/5/10) ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و تێیدا سکاڵای چەند گوندێکی (کریستیان) نشینی لە قەزای ئاکرێ بەرزکردۆتەوە کە تێیدا داوای هاریکارییان کردووە، لەوانە سکاڵای دانیشتوانی گوندی (کەشکاوە) لە ناحیەی دینارتە، هەروەها سکاڵای گوندەکانی نەهلە وەک (چولێ، هیزانکێی سەروو، هیزانکێی خواروو، خلیبلان) کەوا باس لەوە دەکەن بە ناڕەوا زیادەڕۆیی کراوەتە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانیان.

**<u>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران(لایەنی پەیوەندیدار):</u>**

- رۆژی 2015/3/19 چەند رێکخراو و لایەنێکی کریسیتانەکان گردبوونەوەیەکیان رێکخست بە ناوی رێگا گرتن لە گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکانی کلدانی و سریانی و ئاشوری لە پارێزگای دهۆک، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان بە نوسراوی ژمارە (2485 لە رێکەوتی 2015/4/1) نووسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووە و وێنەیەک لە نووسراوی پەرلەمانی کوردستانی ژمارە (1405 لە رێکەوتی 2015/3/25) هاوپێچ کردووە لەگەڵ ناوی لیستی ئەو لایەنانەی کە بەشداربوون لە گردبوونەوەیە و تێیدا داوای بەدواداچوون لەو کەیسە دەکات.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانیداوە بە نووسراوی ژمارە (731 لە 2016/8/28) بە دامەزراندنی لیژنەیەک بە سەرپەرشتی پارێزگاری دهۆک و ئەندامیەتی نوێنەرانی وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، داد، دارایی و ئابووری/ بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی دهۆک بە مەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی تایبەت بە زێدەڕۆیی لەسەر گوند و موڵکی کریستیانەکان لە سنووری پارێزگای دهۆک بەپێی رێنماییە کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان.

**<u>پەرلەمانی کوردستان(لایەنی پەیوەندیدار):</u>**

- بە نووسراوی ژمارە (1405/3/4 لە رێکەوتی2015/3/25) لیستی ئەو لایەنانەی کە بەشداربوون لە گردبوونەوە بۆ دۆسیەی گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکانی کلدانی سریانی ئاشووری ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ بەدواداچوون و ئەنجامدانی کاری پێویست.
- نووسراوی ژمارە (1687/3/4 لە رێکەوتی 2016/9/7) ئاراستەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کراوە سەبارەت بە جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی دادگا کە بۆ پارچە زەوی لە گوندی (بیباد) دەرکراوە.
- نووسراوی ژمارە (2437/3/4 لە رێکەوتی 2016/12/29) ئاراستەی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان کردووە و تێیدا وێنەیەک لە نووسراوی پەرلەمانتار (سرود سلیم متی) ژمارە/ت رێکەوتی 2016/12/20 هاوپێچ کردووە سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی تایبەت بە زێدەڕۆیی لە سەر گوند و موڵکی کلدوئاشوریەکان لە گوندی (کەشکاوە) کە دەکەوێتە دۆڵی نەهلە لە دەڤەری ئاکرێ بە مەبەستی چارەسەرکردن و بەدواداچوون.

**<u>وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان(لایەنی پەیوەندیدار):</u>**

- وەزارەتی داد بە نووسراوی ژمارە (356/6 لە رێکەوتی 2016/6/29) لەژێر ناونیشانی دۆسیەی گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکانی کلدانی سریانی ئاشوری پارێزگای دهۆک، کەتیایدا ئاماژە بە نووسراوی پەرلەمانی

کوردستان ژمارە 828/3/4 لە ڕێکەوتی 2016/4/19 کە ئاراستەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کراوە سەبارەت بە جێبەجێنەکردنی یاسای ژمارە (5)ی ساڵی(2015)، هەروەها ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکایەتی دیوان ژمارە( 2485 لە ڕێکەوتی 2016/4/1) بۆ هەمان بابەت، لەم نووسراوەدا وەزارەتی داد داوادەکات نوسراوێک ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ بکرێت بۆ جێبەجێکردن و پابەند بوونی وەزارەتی ناوبراو بە یاسای ژمارە (5)ی ساڵی (2015) بەتایبەت ماددەی (3) بەشی پێنج بۆ چارەسەرکردنی زێدەڕۆیی ئەنجامدراو و بەدواداچوون و نەهێشتنی ئەو زێدەڕۆییانە بۆ سەر زەوی ئەو پێکهاتانە و ئاگادارکردنەوەیان لە ئەنجامەکەی، هەروەها بە نووسراوی ژمارە (1548/3 لە ڕێکەوتی 2016/7/11) وەزارەتی ناوخۆی لەم بابەتە ئاگادارکردۆتەوە.

## <u>دەسەڵاتی دادوەری-دادگاکان (لایەنی پەیوەندیدار):</u>

- سەبارەت بە گوندی چوولێ بڕیاری دادگای بەرایی ناوچەی دهۆک کە تایبەتمەندی تێهەڵچوونەوەیە بە نووسراوی ژمارە (5/ت ص/2017 لە ڕێکەوتی 2017/3/23)، بەسەرۆکایەتی دادوەر (محمد امین هادی حسين و ئەندامێتی هەریەک لە (تترخان عبدالرحمن حسن و ستار صۆفی حامد) بڕیاری دادگایان دا سەبارەت بە گوندی چولێ کە تاوەکو ئێستا ئەم بڕیارە جێبەجێنەکراوە.
- بڕیارەکانی دادگا سەبارەت بە پارچە زەوی گوندی (بیباد)، دادگایی بەرایی ئامێدی بە بڕیاری ژمارە223/ب/2005 رێکەوتی 2007/8/19 و سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر ژمارە 304/ت/2007 لە ڕێکەوتی 2007/10/9 و بڕیاری سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە 2007/584 ژمارەی دۆسیە 223/ب/2005 لە ڕێکەوتی 2007/11/14 و بڕیاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (6) 2008 ژمارەی دۆسیە 223/ب/2005 لە ڕێکەوتی 2008/2/7 هەروەها بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆک بە شێوەی پێداچوونەوە ژمارە 13/ت/2008 لە ڕێکەوتی 2008/11/2. هەموو ئەم بڕیارانەی دادگا کە دەرکراون داوا دەکەن بە لادانی زێدەڕۆیی لەسەر پارچە زەوی ژمارە 1/أ (بیباد نصاری) بەڵام هیچ کام لەم بڕیارانە جێبەجێ نەکراون.
- دادگای تێهەڵچوونەوەی دهۆک لە ڕێکەوتی 2013/9/25 بڕیاری دەرکردووە بە ڕەتکردنەوەی سکاڵا لە دژی تۆمەتبار (عزيز طاهر عبدالعزيز) سەبارەت بە گوندی (سەفرا ژێری) کە لەلایەن هاووڵاتیانی ئەم گوندە تاوانبارکراوە بە دەست بەسەرداگرتنی گوندەکە و ڕێگریکردن لێیان.
- لە وەڵامی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ وەزارەتی داد بە نووسراوی ژمارە (233) لە ڕێکەوتی 2016/5/26 سەبارەت بە سکاڵای دانیشتوانی گوندی (کەشکاوە)، هەروەها سکاڵای گوندەکانی دەڤەری نەهلە

وەک (چولێ، هیزانکێی سەروو، هیزانکێی خواروو، خلیبلان) کە نووسراوی جێگرایەتی داواکاری گشتی لە ئاکرێی هاوپێچ کردوو کە وا ئامادەن وەک پێویست کار لە سەر سکاڵاکەی دانیشتوانی گوندی (کەشکاوە) بکەن، بەڵام سەبارەت بە سکاڵای دووەمی گوندەکانی نەهلە وەک (چولێ، هیزانکێی سەروو، هیزانکێی خواروو، خلیبلان) ئەم کەیسە لە سنووری کاری ئەواندا نییە و لە تایبەتمەندی دادگای لێکۆڵینەوەی سەرسەنگە.

**داواکاری دانیشتوانی بەشێک لە گوندە کریستیان نشینەکان:**

ژمارەیەکی زۆر لە کریستیانەکان داواکارن کە ئاسانکاریان بۆ بکرێت و بتوانن بگەڕێنەوە سەر زێدی باو باپیرانیان بۆ ئەوەی دووبارە دەست بە کاری کشتوکاڵی خۆیان بکەن لەسەر موڵکی خۆیان، ئەوان لە ماوەی رابردوودا چەندین داواکاریان ئاراستەی حکومەتی هەرێم کردووە و داواکاریەکانیان بەم شێوەیە:

**<u>(دانیشتوانی گوندی میزێ):</u>** ناحیەی سەرسەنگ (کە ئێستا ناحیەی چەمانکێ)یە کە سەر بە قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک، داواکارن بە گێڕانەوەیان بۆ شوێنی رەسەنی باب و باپیرانیان کە لەلایەن بەشێک لە دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەریان دەستیان بەسەر داگیراوە، پێشتر دانیشتوانی کریستیانی ئەم گوندە هەر لە ساڵەکانی (1963، 1970، 1974، 1980، 1988) بەهۆی رووداوەکانی ئەم ناوچە و سەرهەڵدانی شۆرشی کوردستان لەو ناوچەیە و لەلایەن رژێمی بەعس ئاوارە و دەربەدەر بوون.

**<u>(گوندی چەم رەبەتکێ):</u>** دانیشتوانی گوندی چەم رەبەتکێی (کریستیانەکان) وگوندی بیرێشکێی (موسڵمان)، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزبی و حکومی گەیشتن بە رێککەوتنێکی نووسراو و لەلایەن دانیشتوانی هەردوو گوندی (بیرێشکێ و چەم رەبەتکێ) واژۆ کرا و ئەم رێککەوتنە چەند خاڵێک لەخۆ دەگرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا خاڵەکانی رێککەوتنەکە جێبەجێ نەکراوە بە هەمان شێوەش گوندی هەزارجووت.

**<u>(گوندی چولێ):</u>** بە بڕیاری دادگای دهۆک ئەو خانووەی کەوا زێدەڕۆییە روخێندراوە لەلایەن پارێزگاری دهۆکەوە لە مانگی 2017/4، بەڵام خانووێکی کۆن هەیە هەر لە نزیک ئەو خانووە روخێندراوە تاوەکو ئێستا ماوە و (ئیبراهیم حجی یاسین) کە دانیشتووی گوندی باکرمانە و تا ئێستاش هەر لە سەر ئەم زەویە دەژی و ناوبراو ئاژەڵدارە و چەند مانگێک بەر لە ئێستا هاتووە بۆ سەر ئەم زەویە و پابەند نییە بە بڕیاری حکومەت کە زەوی و زارەکانی گوندەکە بەکار بهێنێت.

**<u>(گوندی کیچینا لە قەزای ئاکرێ):</u>** ژمارەیەکی زۆر لە زەویەکانی گوندی (کیچینا) فرۆشراون و خاوەن موڵکەکان ئیستا داوای قەرەبوو دەکەنەوە، بەڵام ئەم کێشەیە لە ساڵی ٢٠٠٦ تاوەکو ئێستا بەبێ چارەسەر ماوەتەوە لە کاتێکدا پەیوەندی بە مافی زیاتر لە (٢) هەزار هاووڵاتی کریستیانەوە هەیە.

## زەوییەکانی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی:

## وردەکاریەکان:

شارۆچکەی عەنکاوە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای شاری هەولێر و بەشی هەرەزۆری کریستیانن، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٤ بڕیاریدا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە نزیک ئەو شارۆچکەیە درووست بکات لە کاتی دروستکردنی فڕۆکەخانەکە بۆ ئەم مەبەستەش کوژانەوەی زیاتر لە ١٠ هەزار دۆنم لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی عەنکاوە کرا، چونکە لەسەر موڵکی تایبەتی جوتیارانی ئەم دەڤەرە بونیاتنرا. دواتر فڕۆکەخانەکە بەرفراوانتر کرا و دووبارە ١٠٠٠ دۆنمی دیکەی جوتیاران وەرگیرا بێ ئەوەی پێش وەختە ئاگادار بکرێنەوە و تا ئێستاش قەرەبوو نەکراونەتەوە.

## بڕیارەکان:

- سرود سەلیم مەتی، ئەندام پەرلەمان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان لەسەر ئەم دۆسیە کردووە، بەڵام لە ئێستادا ئەم کەیسە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کراوە و راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران راسپێردراوە بۆ ئەم کارە. راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران لە رۆژی ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ رایگەیاند تا ئەم کاتە ٧٠%ی کێشەکان چارەسەر کراون و کارکردن لەسەر ئەم دۆسیەیە بەردەوامە.

- لە ٢٠٠٩/٥/٢٠ ژمارەیەک لە خاوەنی ئەو خانوو و زەویانەی کە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێری لەسەر بونیاتنراوە بە بڕیاری ژمارە١٣٠٧ی ئەنجومەنی وەزیران قەرەبوو کرانەوە، بەڵام ئەم بڕیارە تەنها (40) کەسی گرتەوە لە کاتێکدا ژمارەی ئەو جوتیارانەی چاوەڕێی قەرەبوو کردنەوە بوون ژمارەیان (٢٢٣) جوتیارە و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئاماژەی بەوە کردووە کە بەپێی بڕیاری (٨٩٠ی ١٩٨٣/٨/١٧) لە کاتی هەبوونی زەوی کشتوکاڵی ئەو خاوەن زەویانەی کە زەویەکانیان پرۆژەی لەسەر بونیات دەنرێت بە زەوی کشتوکاڵی قەرەبوو دەکرێتەوە و ئەگەرنا بە یاسای ژمارە ٥٢٠ی ساڵی ١٩٧٦ بە پارە قەرەبوو دەکرێنەوە.

## گواستنەوەی کورسیی مەرجەعی ئاشوورییەکانی جیهان و ناوەندی کڵێسای رۆژهەڵات بۆ هەولێر

رۆژی 2015/9/27 لە کڵێسای مار یوحەنای چوارەم لە هەولێری پایتەخت و لە رێورەسمێکی ئایینی گەورەدا بە ئامادەبوونی نوێنەری ڤاتیکان مەراسیمی گواستنەوەی کورسیی مەرجەعی ئاشوورییەکانی جیهان و ناوەندی کڵێسای رۆژهەڵات لە ئەمریکاوە بۆ هەولێر ئەنجامدرا لە هەمان مەراسیمدا بە فەرمی سەد و بیست و یەکەمین پاتریارکی کریستیانیەکانی جیهان بە ناوی گورگیسی سێیەم سڵێوە دەستی بە کارەکانی کرد. پەترياکی نوێ خۆی ئاشووریی کوردستانە کە پێشتر لە ساڵی ١٩٦١ چووەتە بەغدا و پلەکانی ئایینی یەک لە دوای یەک بڕیوە و، ئێستە بووەتە بەرپرسی گشت کەنیسەکان.

ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە هەرێمی کوردستان لانکەی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوەژیانی سەرجەم ئایین و نەتەوەکانە لە هەمان کاتدا بوونی ئەو ناوەندە ئایینییە لە هەرێمی کوردستان پێگەی هەرێم لە ئاستی جیهانی زیاتر بەرز دەکاتەوە و جاران کە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان بوو ئەوا ئێستا بووەتە پایتەختی ئایینی زۆرێک لە کریستیانیەکانی جیهان هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی کە دڵگەرمی بە کریستیانیەکان بەخشێت وڵاتی خۆیان خۆش بوێت و واز لە کۆچ بێنن. لە ساڵی ١٩٣٣-وە بارەگای سەرەکیی پاترياکی ئاشوورییەکانی جیهان لە عێراق چووبووە دەرەوە بۆ شیکاگۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٨٠ ساڵ ناوەندەکە بۆ عێراق گەڕێندراویەوە هەڵبەت ئەو جارەیان هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا، چونکە هەرێمی کوردستان بە ئارامترین شوێنی عێراق ناسراوە و ئەزموونی حوکمڕانیی چەند ساڵی رابردووش ئەوەی سەلماندووە کە باشترین شوێنی پێکەوە ژیانی ئایین و نەتەوەکانە، ئەمە لە کاتێکدایە کە عێراق لە خراپترین دۆخی سیاسیی خۆیدایە و بووەتە سێ بەش و دڕندەترین هێزی دژە مرۆیی بەشێک لە عێراقی داگیر کردووە و کەوتۆتە گیانی پێکهاتە ئایینیەکان لە هەمان کاتدا گەڕانەوە کورسی کڵێسای رۆژهەڵاتی ئاشوور بۆ هەرێمی کوردستان ئەو راستییە دەردەخات کە جیهان ئەو روانگەیەی بەرامبەر بە عێراق هەیەتی بەرامبەر بە کوردستان نییەتی.
لە دوای ئازادی عێراق و ئەو توندوتیژییانەی لە چەند دەیەی رابردوو لە عێراق سەریهەڵداوە، کریستیانەکانی عێراق و ناوچەکە، هەرێمی کوردستانیان بە تاکە شوێن زانیوە بۆ ئەوەی پەنای بۆ بەرن. کاتێک داعش دەستی بەسەر بەشێک لە پارێزگەکانی عێراق داگرت، کریستیانەکان شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێهیشت و لەژێر سایەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شان بەشانی خەڵکی کوردستان حەسانەوە.رۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە داڵدەدانی ئاوارەکان، بەبێ رەچاوکردنی ئایین و زمان و نەتەوە، دوای ئەو شەپۆلە

گەورەیەی ئاوارەکان زیاتر لە ئاستی جیهانیدا بەرجەستە بوو وپێگەی هەرێمی کوردستانی زیاتر بەرز کردەوە
.

دەشتی نەینەوا بە شوێنێکی سەرەکیی کریستیانیەکان هەژمار دەکرێت، کە بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ناسراوە. دەبوایە دوای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. کریستیانیەکانی ئەو دەشتە، خوازیارن ناوچەکانیان بۆ هەمیشە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

نەتەوەی کلدانی سریانی ئاشووری لە دەشتی نەینەوا بە درێژایی مێژوو ژیاون و، ئەو ئاسایش و ئارامییەی کە لە کوردستان هەیە هۆکار بووە بۆ ئەوەی هەولێر وەک ئەو ناوەندە دیاری بکرێت و نازناوێکی تری پێ ببەخشرێت. بوونی ئەو ناوەندە ئایینییە لە هەولێر هۆکارە بۆ ئەوەی دەشتی نەینەوا لە داهاتوودا بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و مافەکانی خۆیان لە چوارچێوی ئۆتۆنۆمی دەستەبەر بکەن . جێگەی باسە زۆرینەی پێڕەوانی کڵێسای ئاشووریی ڕۆژهەڵات ئاشوورین، بۆیەش بەو ناوە ناسراوە. لە عێراق، ئێران، سووریا، تورکیا، لوبنان و هندستان و ئەمریکا و ئەوروپا ژمارەیەکی زۆر لە کریستیانەکانی جیهان پێڕەوی لەو ناوەندە ئایینییە دەکەن.

کوردانی جوو

## کۆمەڵگای کوردانی جوو لە کوردستان KJC

بە هیچ شێوەیەک هەوڵی بە کوردبوونی ناوچە تاز ئازادکراوەکان نەدراوە، چونکە کورد خۆی نەتەوەیەکی هەمەڕەنگە لە ئاین و ئاینزا بۆ نموونە ئێمە کوردین بە نەتەوە و بە ئایینیش جووین وەکو ئێزیدی و زەردەشتی و کاکەییەکان کە بە نەتەوە کوردن و بە زمانی کوردی سروشە ئاینییەکانیان بەڕێوە دەبەن لە نوێژەکانەوە تا جەژن و بۆنەکان، ئەوە بڕیاری گەورە پیاوانی ئاینی ئەوانە. یاخود وەکو کوردی شەبەك و فەیلی ئەوانە بە مەزهەب شیعەن و لەسەردەمی حوکمی بەعس بە عەرەبکراون، بەڵام بە ڕەچەڵەك کوردن، چونکە بنەمای هەر نەتەوەیەك عەشیرەتە ئەوانیش چ شەبەکەکان یاخود فەیلییەکان وەکو عەشیرەت سەر بە عەشیرەت و خێڵە ڕەسەنەکانی کوردن وەکو زەنگەنە و کەلهور و.....هتد بۆیە ئەوەی ئەو مێژوو و کلتوور و رابردووەی نەخوێندبێتەوە زۆر ئاساییە بڵێت کورد هەوڵی بە کوردبوونی ناوچە رزگار کراوەکان دەدات، بۆ کەسێك لە ناوەڕۆکی ئەو راستیانەی پێکهاتەی کورد نەزانێت زۆر ئاساییە بە هەڵە ئەو وەڵامە بداتەوە .

سەبارەت بە ئازادی لە بە جێگەیاندنی سروتە ئایینییەکانمان ئێمە وەکو جوو زۆر ئازادین، زۆر ڕێکخراوی مافی مرۆڤمان بۆ بۆنەکانمان بانگهێشت کردووە تەنانەت **UN** و ئەمنستی و زۆر ڕێکخراوی تر، بەڵام لەبەر ئەوەی نوێنەرەکانیان یاخود ئەوکەسانەی کە بەرپرسی ئۆفیسی ئەوانن لە کوردستان خەڵکی ناسیۆنالیستی عەرەبین بۆیە ئامادە نەبوونە بەشداری بۆنەیەکی ئاینی ئێمەی جوو ببن کە بۆ ئەو مەبەستە بەڵگەشمان لایە، لە هەموو بۆنەکانمان تەنانەت بۆنەی ئایینی هەفتانەمان کە مەراسیمی پیرۆزراگرتنی شەممەیە (شەبات) پیاوانی ئاینی ئایینەکانی تر و کونسڵی وڵاتانی وەکو ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، چیک، پۆڵەندا، بولگاریا، هۆڵەندا، رووسیا و تەواوی ئەو کونسوڵخانەی لە کوردستان هەن و تەنانەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش بانگهێشت دەکەین ئەوانە شاهیدن لەسەر ئەو ئازادییەی لە ئەنجامدانی سرووتە ئایینییەکانی خۆمان هەیە لە کوردستان ، **بەڵام بە هەر نەمانبینیوە کونسڵی وڵاتێکی ئیسلامی یان کەسێکی بە رەگەز و ئاین عەرەب یاخود ئیسلام لەو ڕێکخراو و وڵاتانە بانگهێشت نامەی ئێمەیان قبوڵ کردبێت.**

ئێمە ئازادین تەنانەت لە بەشداری بۆنەی ئاینیەکانی ئاینەکانی تریش بە بەڵگەی ڤیدیۆیی، واتا کێشەی ئێمە هەبوونی ئازادی نییە بەڵکو ڕاپۆرتە هەڵەکان و دوژمنداری وڵاتانی دراوسێ و دار و دەستەکانی ئەو وڵاتانەیە لە نێو ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان .

حکومەتی هەرێم نایەوێت هەڵەی حکومەتەکانی تری ناوچەکە دووبارە بکاتەوە لە دەست وەردانە نێو کاروباری ئایینەکان بۆیە نوێنەرایەتییەکمان وەك سیمبوڵ لەو حکومەتە وەرگرتووە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کە لەوێ ئەو نوێنەرە کە بەڕێز(شێرزاد مامسانی)یە کاروبارە یاسایی و ئیدارییەکانمان بەڕێوە دەبات وەکو فەرمانبەر نا بەڵکو وەکو خۆبەخشێك کە بێ ئەوەی مووچە لە حکومەت وەربگرێت و حکومەتیش زۆر هاوکاریی دەکەن و داواکارییەکانی رەت ناکەنەوە کە بریتییە لە ماف و داواکارییەکانی هەموو جووەکانی کوردستان کە لە ئەنجوومەنی باڵای کۆمەڵگای کوردانی جوو لە کوردستان بڕیاری لەسەر دەدرێت نەك بڕیاری فەردی .

بەشێوەیەکی گشتی ئێمە وەکو جوو هەست بە جیاوازی بنەڕەتی ناکەین خۆ رەنگە جیاوازییەکی رێژەیی هەبێت ئەویش رەنگە دوور و نزیك پەیوەندی یاخود کاریگەری بەسەر ئازادییەکانی ئێمە و کار و چالاکیەکانی ئێمە و هەبوونی ئێمە و مافە بنەڕەتیەکانی ئێمەوە نەبێت وەکو جوو، بەڵکو رەنگە ئەو جیاوازیانە زیاتر لە نێوان کایەی حکومەتەوە بێت واتا لە نێوان حزبەکان وەك ململانێیەك بۆ هەڵبژاردنەکان کە ئێمە بە هەموو شێوەیەك لەو کایە سیاسیە حزبیە دوورین و دەمانەوێت هەمیشە دووریش بین .

زۆرجار جیاوازی دروست بووە لەو کاتەی کە کەسایەتییەك یاخود سەرۆکی ئەو حزبانەی کە خۆیان بە گەورەی ئایینێك یاخود کەمینەیەك دەزانن و پێگەیان بچووکە و مژارێك دەوروژێنن لە پێناو بەهێزبوونی پێگەکەیان بێ ئەوەی بزانن کە وروژاندنی ئەو مژارە ئاشتی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەر هەڕەشە و ململانێ

دەخاتە نێو یەکریزی پێکهاتەکانی کوردستان، **بەتایبەت لەم دواییەدا هەندێک لە حزبە کریستیانەکان و کەسایەتییە ئێزیدیەکان هەندێ مژاریان بۆ مەبەستی سیاسی و هەڵبژاردن قۆستەوە و خەریك بوو کێشە بخەنە نێوان کوردە موسڵمانەکان و کریستیانەکان.**

ئێمە وەکو جوو بە هەموو شێوەیەك استغلالکردنی ئاین بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی رەت دەکەینەوە و پێشمان وایە ئەو جۆرە سیاسەتە ئاشتی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەر هەڕەشە و جیاکاری.

## کوردانی شەبەک

## بەرپرسی لقی چواردەی پارتی دیموکراتی کوردستان(لایەنی پەیوەندیدار)

زۆر هەلی دامەزراندن بۆ هاووڵاتیانی شەبەک رەخساوە لە گشت دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک مامۆستا و فەرمانبەر و پۆلیس و پێشمەرگە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە بەهۆی هەرەشەی تیرۆریستانەوە نەیانتوانیوە سەردانی موسڵ بکەن بۆ دامەزراندن. لە لایەکی دیکەوە بۆ بەردەوامیدانی قوتابییە شەبەکەکان بە خوێندنیان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن و بێبەش نەبوونیان لە خوێندن، زۆربەی قوتابیانی شەبەک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر و دهۆک درێژەیان بە خوێندن داوە دوای هەماهەنگی کردنی نوێنەرانی قوتابیانی شەبەک لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان. هەروەها لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆکی هەرێم هەلی دامەزراندن بۆ (5000) پێنج هەزار کەس کە زۆرینەیان شەبەکن رەخساوە، لە رێزەکانی هێزی پێشمەرگە.

## هەماهەنگی نێوان کەسایەتییەکانی شەبەک و حکومەتی هەرێم:

هەماهەنگی لە نێوان کەسایەتیەکان شەبەک و حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی بەردەوام هەیە و لە دوای بەستنی کۆنفرانسێک بۆ شەبەک لە قەزای خەبات (دەستەی راوێژکاری شەبەک) دامەزراوە. ئامانج لە دامەزراندنی ئەم دەستەیە کە کەسایەتی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و زانستی و سیاسی لە خۆ دەگرێت نوێنەرایەتی کردنی شەبەکە، هەر ئەمەش بووە هۆی کە توانیان هەردوو کورسی کۆتای شەبەک بەدەست بهێنن، هەروەها بە پێکهێنانی ئەم دەستەیە هاریکاری نێوان کورد و شەبەک زیاتر بووە.

لە دوای ساڵانی 2004-2005 ریکخراوی تیرۆریستی قاعدە زۆربەی بنکەکانی پۆلیسی موسڵ و دامودەزگاکانی کۆنترۆڵ کرد بوو، بەڵام بنکەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە پارێزراو بوون و تەنانەت یەک بنکەش لەلایەن قاعیدەوە دەستی بەسەردا نەگیرا، دواتر بە هەماهەنگی پێشمەرگە و هێزی ئەمنی عێراقی و هێزەکانی هاوپەیمانان دووبارە لای چەپی موسڵ پاککرایەوە و ئێستا ناوچەکانی شەبەک وەک (کوکجلی، بایبەخت، علی رەش و خورسباد) لەژێر سایەی هێزی پێشمەرگە ژیان بەردەوامە.

### کێشەی حەنین قەدۆ

سەبارەت بە هەوڵی دەستگیر کردنی(حەنین قدو)، بە هیچ شێوەیەک لەلایەن ئاسایشەوە نەهاتۆتە دەستگیرکردن، بەڵام ناوبراو لەگەڵ کەسوکاری خۆی لە دەڤەری بەرتلە لە ساڵی 2009 هەوڵی نانەوەی ئاژاوە وتێکدان و درووستبوونی ئاڵۆزی دا بەتایبەت خوشکێکی بە ناوی (سوریە) بە مەبەستی راکێشانی رای خەڵکی ناوچەکە، بەڵام هەوڵەکانیان بێسوود بوو لەبەر ئەوە لەلایەن ئاسایشەوە هەوڵ درا ئارامی ئەو ناوچەیە بپارێزرێت.هەرچەند دامودەزگاکانی حکومەت رێگا بە  خۆپێشاندانی ئاشتیانە دەدەن و پارێزگاریشی لێ دەکەن ئەگەربەپێی یاسا بێت، بەڵام ئەو خۆپیشاندانەی کە ئەنجامیاندا مۆڵەتی بۆ وەرنەگیرابوو. لەلایەکی دیکەوە لە دوای ئازادکردنی موسڵ لەلایەن لیوای (30) حەشدی شەعبی سەرپێچی زۆر کرا کە لەلایەن برای (حنین قدۆ) سەرپەرشتی ئەو لیوایە دەکرێت وەک رێگری کردن لە هاووڵاتیان و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکی هەرکەسێک کە لەگەڵ ئەوان نەبێت ئەوەش کاردانەوەی خراپی لێکەوتەوە لە لایەن خەڵکی ئەو دەڤەرە لە شەبەک و پێکهاتەکانی دیکە.

### رەوشی تورکمانەکانی کەرکوک

### بەرپرسی ئاسایشی کەرکوک (لایەنی پەیوەندیدار):

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردەم هەوڵیداوە بۆ پاراستنی یەکپریزی خاکی عێراق و بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و رێزگرتن لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی عێراق بۆ شادبوونیان بە مافەکانیان لە پێناو هێنانەدی سەقامگیری لە وڵات. بۆ ئەم مەبەستە لە گفتوگۆدا بووە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بۆ نەهێشتنی ئەو ئاستەنگ و کێشانەی کە لەسەردەمی رژێمی بەعسەوە مابوونەوە بە پشت بەستن بە دەستوور کە زۆربەی زۆری گەلی عێراق دەنگیان بۆیدا، گرنگترین ئەو کێشانەش کە بێ چارەسەر مابوونەوە ماددەی (140) ی دەستوور و میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستووریەیە.

سەبارەت بەو ناوچانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ماددەی (140) و بە ناوچە کێشە لەسەرەکان دەناسرێن، ئەوەی جێی باسە کێشەی ئەو ناوچانەی کە حکومەتی بەعس هەوڵیداوە لەرووی دیموگرافییەوە گۆڕانکاری بنەرەتی بەسەردا بێنێت ئەویش بە راگواستنی خەڵکی رەسەنی ناوچەکە کە زۆربەیان کوردن و نیشتەجێکردنی خەڵکی عەرەبی خوارو و ناوەڕاستی عێراق لەم ناوچانە، کێشەیەکی کۆنە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر جار داوای لە حکومەتی بەغدا کردووە پەلە بکەن لە جێبەجێکردنی ماددەی (140) و ئامادەیی حکومەتی هەرێمی نیشانداوە بۆ هەماهەنگی کردنی تەواو لەگەڵ حکومەتی بەغدا. هیچ

کاتێك حکومەتی هەرێم بیری لەوە نەکردۆتەوە کە لە رێگای هێزەوە ئەم ماددەیە جێبەجی بکرێت و پشتگیری لە گشت رێگاچارە دیموکراسییەکان دەکات بۆ جێبەجێکردنی بە پشت بەستن بە دەستووری عێراق.

حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین جار بەر لە هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەکە لە رێگای نوێنەرەکانییەوە لە پەرلەمانی عێراق، داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردووە کە دان بە واقعی کەرکوك بنێن و بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە لە رووی مێژووییەوە ئەم شارە کوردنشین بووە و لە هەلبژاردنی پارێزگاکانی عێراق بۆ ساڵی 2005 زۆرینەی کورسییەکانی پارێزگای کەرکوك کورد بە دەستی هێناوە.

پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە پاراستنی ئاسایشی ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەتایبەت لە دوای هاتنی گرووپی تیرۆریستی داعش و شکستی سوپای عێراق لە موسڵ و ناوچەکانی دیکە و جێهێشتنی ناوچەکانیان. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە زۆربەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی پارێزگاکانی کەرکوك ، موسڵ، دیالا و سەلاحەددین رووبەرووی تیرۆریستان بوونەوە و مەترسییەکانی ئەم گرووپەیان لە ناوچەکانیان دوورخستەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراق و هێزی هاوپەیمانان و چەندین لیژنەی هاوبەش بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە بۆ نموونە:

- دانانی لیژنەی هاوبەشی نێوان وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی هەرێم و نوێنەری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا.
- دامەزراندنی سەنتەری هاوبەشی هەرێمی لە دیالا، کەرکوك، نەینەوا.
- پێکهێنانی هێزی هاوبەشی زێرین لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم.
- دانانی مەفرەزەی هاوبەشی پرۆسە سەربازییەکان لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەی کوردستان لەو ناوچانە بەپێی ماددەی (140).
- دانانی خاڵی پشکنینی هاوبەش لە دیالا و کەرکوك و نەینەوا.

لە دوای رووبەرووبوونەوەی هێزە هاوبەشەکانی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دژ بە داعش، پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان گۆڕانکاری تەواوی بەسەردا هات و لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە زیاتر لە سوپای عێراق شارەزای جوگرافیای شاری کەرکوك بوون، بۆیە بەشی هەرە زۆری گرنگی پێدانی پێشمەرگە بۆ شاری کەرکوك بوو و زیاتر پرۆسە سەربازییەکان لە کەرکوك و دەوروبەری ئەنجامدران، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ رزگارکردنی رووبەرێکی زۆری ئەم ناوچانە لە دەست داعش و دوورخستنەوەی مەترسییەکانی ئەم گرووپە تیرۆریستییە.

هێزەکانی پێشمەرگە وەکو هێزێکی نیزامی رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پاراستن و رزگارکردنی ناوچەکانی کەرکوك، مەخمور، خانەقین، دوزخورماتوو، هەروەها بەرپرسیاریەتی پاراستنی کەرکوکیان کەوتە ئەستۆ لە ساڵی 2003 و لە دوای هاتنی داعش پێشمەرگە بەردەوام بوو لە پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوك.

## باکگراوەندێک لەسەر پێکهاتەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک

لە دوای رووخانی رژێمی بەعس، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێکهێنرا بە تەوافوق لە نێوان هەر چوار نەتەوەی کەرکوک (کورد، تورکمان، عەرەب، کلدوئاشور) و بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا هەڵبژاردن ئەنجامدرا لە ساڵی 2005 ، لە رۆژی 2005/3/6 یەکەم ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگای کەرکوک دەستبەکار بوو و لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەی ئەنجومەنی پارێزگا لە کەرکوک ئەنجام نەدراوە.لە هەڵبژاردنی 2005 ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگای کەرکوک لە (٤١) ئەندام پێکهات کە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- لیستی برایەتی کەرکوک کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بوو و (٢٦) کورسی هەیە.
- لیستی بەرەی تورکمانی (٨) کورسی هەیە.
- لیستی التجمع الجمهوری العراقی (عەرەبی سوننە) کە (٥) کورسی هەیە.
- لیستی الائتلاف الاسلامی الترکمانی (1) کورسی هەیە.
- لیستی التجمع الوطنی العراقی (١) کورسی هەیە.

## هەڵبژاردنی پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک

بە شێوەیەکی گشتی لە دوای رووخانی رژێمی بەعس تەنیا یەک هەڵبژاردن ئەنجامدراوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە ساڵی 2005، سەرەتا عبدالرحمن مصطفی کە کوردە و خۆی بە بێلایەن ناساند وەک پارێزگار هەڵبژێردرا و رزگار عەلی کە سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە وەک سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا هەڵبژێردرا، دواتر گۆڕانکاری لە پێکهاتەی پارێزگای کەرکوک کرا و بەڕێز د. نجم الدین کەریم کاندیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق وەک پارێزگاری کەرکوک دانرا و حەسەن تۆران کە سەر بە بەرەی تورکمانییە کرا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا و ئەو پۆستەی کورد بوو، بەڵام وەک نیازپاکییەک درا بە تورکمان، هەروەها چەند گۆڕانکاری تریش کرا و ئێستا ئەنجوومەنی پارێزگا بەم شێوەیە پێکهاتووە:

- کورد (١٨) کورسی.

- توركمان سوننه (6) كورسی.
- توركمان شیعه (5) كورسی.
- عەرەب سوننه (٩)كورسی.
- كلدو ئاشور (٣)كورسی.

## یەكگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان

سەبارەت بە پرسی یەكگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان زۆر لە راپۆرتە ناوخۆیی و دەرەكییەكان گلەیی ئەوە دەكەن كە هێزی پێشمەرگە نیزامی نییە و زیاتر هێزێكی حزبییە و لەژێر فەرمانی حزبەكانن، لایەنە پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێم بەم شێوەیە وەڵامی ئەم رەخنە و تێبینیانە دەدەنەوە.

<u>وەزارەتی پێشمەرگە(لایەنی پەیوەندیدار):</u>

پەرلەمانی كوردستان لە ساڵی(1992) چەندین یاسای دەركردووە سەبارەت بە هێزەكانی پێشمەرگە و چۆنیەتی رێكخستنیان و بوونیان بە سوپایەكی نیزامی رێكخراو، هەروەها لە دەستووری عێراقی فیدراڵ وەك هێزێكی یاسایی فەرمی باس لە هێزی پێشمەرگە كراوە بۆیە بوونی هێزی پێشمەرگە یاساییە و ئەركەكەی بریتییە لە پاراستن وبەرگریكردن لە هەرێمی كوردستان.

بەپێی دەقی برگەی (5) لە مادده (121)ی دەستوری عێراقی فیدراڵ لە ساڵی2005، حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی هەرێمی كوردستان، بەتایبەتی درووستكردنی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.ئەم دەقە یاساییە دەسەڵات بە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەدات بۆ درووست كردنی هێزەكانی ئاسایشی هەرێمی كوردستان، لێرەدا حكومەتی هەرێمی كوردستان لە چوارچێوەی یاسا و دەستوری فیدراڵ هەڵسوكەوتی كردووە.

یاسای وەزارەتی پێشمەرگە ژمارە (19) ی ساڵی(2007) كە لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە پەسەند كراوە، بە شێوەیەكی یاسایی و فەرمی ئەرك و پێكهاتەكان و یەكەكانی وەزارەتی پێشمەرگە رێكدەخات. پاڵپشت بە ماددەی (1) لە مەرسومی هەرێمی ساڵی (2007)، سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بەرپرسە لە درووست كردن و بەڕێوەبردن وچاودێری كردنی گشت دامودەزگاكانی هێزی پێشمەرگە، هەروەها بەپێی ئەم مەرسومە، فەرماندەی لەشكری كووردستان لە دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەبێت و جێگری سەرۆكی

هەرێمی کوردستان وەك جێگری فەرماندەی لەشکری کوردستانە، هەروەها بە ئەندامیەتی(8) فەرماندەی گشتی تر.

لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی دووبارە بنیاتنانەوە و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی لە ئەولەویاتی ئەم کابینەیە بووە بۆ یکخستنی رێزەکانی لەشکری کوردستان لە ژێر چاودێری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

سەرۆکی هەریمی کوردستان لە ئابی ساڵی (2014) داوای ئەنجامدانی چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کرد بۆ ئەوەی کارەکانی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام بدات و بکرێتە یەك سوپا لە ژێر یەك فەرمانی یەکگرتوو. لەم بارەیەوە، پرۆژەیەکی جددی دەستی پێکرد لەلایەن وەزیری پێشمەرگەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی لە نێو ریزەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و هەوڵدان بۆ یەکخستنی لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگە، هەروەها پێکهاتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان پشتگیری تەواوی ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن.

ئێستا پێشمەرگە (14) لیوای یەکگرتوو هەیە شان بەشانی یەکتری دوور لە دەستێوەردانی سیاسی شەڕ لە دژی تیرۆریستان دەکەن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جددی داوە و بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێوەیەکی کۆتایی.

لە دوای هێرشەکانی تیرۆریستان داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی بەتوانا و رێکخراوە و لە ماوەی رابردوودا سەلماندی کە تاکە هێزی زەمینییە توانای رووبەروو بوونەوەی تیرۆریستانی داعشی هەبێت تەنیا هێز بوو و دژی بووەستێتەوەو لەو رووەوە ناوبانگێکی نێودەڵەتی بەدەست هێناوە و هاوپەیمانان پشتگیری ئەو هێزە دەکەن و هەماهەنگییەکی باش لە نێوانیاندا هەیە، سەبارەت بە پرۆسەی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە بەرپرسانی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەولێر لە وردەکارییەکانی یەکنەگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاگاداربوون، راستە وەک پێویست هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکی نەگرتۆتەوە، بەڵام ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە: پرۆسەی یەکگرتنەوەکە پێویستی بە خەرجییەکی دارایی زۆر هەیە و لەو بارودۆخەی ئێستا ئەمە کارێکی سەختە، هۆکاری تەکنیکی و نەبوونی پاڵپشتی نێودەوڵەتی و لۆکاڵی بۆ ئەم پرۆسەیە، هەروەها ماوەی نزیکەی سێ ساڵ دەبێت لە رووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریستانی داعشدایە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو یەک هێزێکی نیزامی کە لەلایەن سەرکردایەتییەکەوە سەرپەرشتی دەکرێت رۆڵی سەرەکی هەبووە لە پاراستنی سنوورەکانی هەرێم و هەوڵیداوە گشت هێزەکان لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە کۆبکاتەوە هەر لەم چوارچێوەیەدا و لە ساڵی 2014 و پاش شەڕی تیرۆریستانی داعش و هێرشیان بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم کوردستان هێزی فەرمی و

تایبەتی بۆ کریستیان و ئێزدییەکان دامەزراوە کە لەژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەیە، هەروەها رۆژی 2017/3/12 هێزی بەرگری لە ئێزیدخانە و لە نزیکەی (٤٠٠٠) پێشمەرگە پێکهاتوون خراوەتە سەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە، سەرپەرشتی کردن و ڕاهێنان و دابینکردنی چەک و پێداویستیی سەربازیشیان دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی خۆیان بەرگری لە ناوچەکانی خۆیان بکەن و بەشداری بکەن لە رزگار کردنەوەی ناوچەکانیان، چونکە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە کریستیان و ئێزیدییەکان تێیدا نیشتەجێ کراون، دەکەونە سنووری ناوچە کێشە لەسەرەکانەوە.

سەبارەت بە رۆڵی عەرەبەکانی ناوچەکە ئەوانیش وەک پێکهاتەکانی دیکە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، و بەم دواییە لەسەر داواکاری عەرەبەکانی ناوچەکە بەتایبەتی رۆژئاوای موسڵ، وەزارەتی پێشمەرگە لیوایەکی تایبەتی بۆ دانیشتووانی ناوچەکە دامەزراندووە بەناوی لیوای (رۆژئاوای دیجلە) کە گشت پێداویستییەکانیان لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە بۆ دابین دەکرێت و لە (٢٠٠٠) کەس پێکدێت لە خەڵکی ناوچەکانی زوممار، رەبیعە، عەیازییە، و بەشێک لە شنگال، ئەمانە لە ئۆردوگای (خنس) مەشقی سەربازییان کردووە، خولی یەکەمی مەشقی (لیوای رۆژئاوای دیجلە) بە بەشداری (954) پێشمەرگە کۆتایی هات و ئەرکیان پاراستنی ناوچەکانیانە دوای کۆتایی هاتنی داعش و رێگا گرتن لە هەر هێرشێکی دیکەی هاوشێوەی داعش بۆ سەر ناوچەکانیان.

گشت ئەم هێزانە لە دوای پرۆسەی رزگارکردنی موسڵ رۆڵێکی گرنگیان لە ئازادکردنەوەی ناوچەکانیاندا هەبووە، بەتایبەتی لە شەرەکانی رۆژئاوای شاری موسڵ و باشیک و سنووری شنگال و ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە ئێزیدی و کریستیانەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە، بۆ ئەوەی پێوەندی بە هێزەکانەوە بکەن، بەڵام تۆمارکردنی ناوەکانیان بەهۆی قەیرانی دارایی حکوومەتی هەرێمەوە وەستاوە.

## مەشق پێکردنی پێشمەرگە و هاوکاری کردنیان لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە:

لە دوای دەستپێکردنی شەڕی دژی داعش هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هاوکاری پێشمەرگە دەکەن لە بوارە جیاجیاکانەوە بەتایبەتی دابینکردنی چەک و مەشق پێکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، لەوانەش راگەیاندن و شەڕی دەروونی و شەڕی کۆڵان بە کۆڵان.

## وەزارەتی پێشمەرگە(لایەنی پەیوەندیدار):

چوار بنکەی مەشقی سەربازی هەیە کە هاوپەیمانان تێیدا مەشق بە هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن، لەو بنکانەدا حەوت وڵات ئەرکی مەشقەکانیان لە ئەستۆ گرتووە کە بریتین لە: بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، سوید و نەرویج و بە سەرپەرشتی ئەمریکایە، هەروەها ژمارەیەک وڵاتی دیکە لە چوارچێوەی هاوپەیمانی

نێودەوڵەتی هاوکاری پێشمەرگە دەکەن لە بوارە جیاجیاکان و هەندێکیان سەربازگەیان کردۆتەوە بۆ مەشق پێکردنی پێشمەرگە لەوانە چیک، تورکیا، کەنەدا.

لەو بنکانەدا هێزی پێشمەرگە مەشق لەسەر چەندین بواری جیاجیا دەکەن لەوانە ئەندازیاری سەربازی کە زیاتر پاککردنەوەی شوێنە رزگارکراوەکان و شەڕی ناو شار و چۆنیەتی بەکارهێنانی چەکی زرێپۆش و بواری تەندروستی مەیدانی، ئەو کۆرسانەی لە بنکەکان پێشکەش بە پێشمەرگەکان دەکرێن جیاواز و کورتن، بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستیان بە خولی چڕو پڕی زیاتر هەیە کە ماوەکەی زیاتر بێت بەتایبەتی لە بوارەکانی تەندروستی و خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی و تۆپخانە و  پیادە و چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەم لە کاتی جەنگدا. لەو خولانە کە لە دەرەوەی وڵات ئەنجامدراون زیاتر لە (٢٥٠) کەس بوون و مەشقەکانی دەرەوەش زیاتر لەسەر چەکی میلان و کیمیاوی و شوفێری زرێپۆش و چێشت لێنان بووە. جگە لەو خولانەی لە دەرەوەی کوردستان بۆ مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگە کراونەتەوە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستانیش بە دەیان خولی جۆراوجۆر لە بنکەکانی مەشق و راهێنانی پێشمەرگە کراوەتەوە و بەپێی راگەیەندراوێکی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا  تا ئێستا ڕاهێنانی سەربازییان بە هەزاران پێشمەرگە کردووە و لە بوارە جیاجیاکان سوودیان لێ بینیوە.

لەم سەنتەرەدا نۆ هەزار پێشمەرگە مەشقیان پێکراوە بۆ شەڕی کۆڵان بە کۆڵان، هێرشبردن و عەمەلیاتی تایبەت، هەروەها لە ماوەی لە نزیکەی ساڵێکدا 15 فەوج کە ژمارەیان زیاتر لە نۆ هەزار پێشمەرگە دەبێت مەشقیان کردووە، مەشقە سەربازییەکان کە یەکەمجارە پیشمەرگە ئەنجامیاندەدات بریتین؛ لە شەڕی شەقام و کۆڵان بەکۆڵان، چۆنیەتی هێرشبردن، خۆپاراستن و پارێزگاریکردن لەو شوێنانەی کۆنترۆڵدەکرێنەوە، ئەم خزمەتە سەربازیانەی کە سەنتەری ناوبراو پێشکەشی پێشمەرگەی دەکات بە یەکسانی بووە لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکەکانیش بە گوێرەی پێویستی بەرەکانی جەنگ دابەشکراون و حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کەوا وەزارەتی پێشمەرگە راستەوخۆی سەرپەرشتی دابەشکردنی چەکەکان دەکات دوور لە دەستتێوەردانی حزبی.

ئەمریکا لە دەستپێکی شەڕی داعشەوە تا وەکوو ئێستا، مەشق و ڕاهێنانی بە هەزاران هێزی پێشمەرگە کردووە و چەک و تەقەمەنی پێداون و لە ئێستادا سەدان کەس لە هێزەکانی پێشمەرگە لە بنکەیەکی مەشقی سەربازی لە نزیکی هەولێر لە لایەن ڕاوێژکارانی ئەمریکیەوە مەشق و ڕاهێنانی سەربازییەکان پێ دەکرێت. جگە لە ئەمریکا حەوت وڵاتی دیکە هاوکارییان پێشکەش کردووە لەوانە دانیمارک و کرواتیا و ئیتاڵیا و فەرەنسا و بەریتانیا کەنەدا و ئەلبانیا کە پابەند بوون بەهاوکاری کردنی هێزەکانی پێشمەرگە و چەک و کەرەستەی سەربازی پێشکەشی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن، هەروەها ژووری عەمەلیاتی هاوبەش دامەزراوە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە وهاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر.

## یاداشتی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پنتاگۆن:

ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی 12ی تەمموزی 2016 لە مەراسیمێکدا، بەسەرپەرشتی و ئامادە بوونی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێم، یاداشتی لێکتێگەیشتن و هاوکاریی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەلایەن کەریم شنگالی وەزیری پێشمەرگە بەوەکالەت و لە ئێلیزا سلۆتکین جێگری وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئیمزا کرا بەپێی ئەو یاداشتە، وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا هاوکاریی دارایی پێشکەشی پێشمەرگە دەکات و ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ بە هەماهەنگی لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عیراق و هێزی هاوپەیمانان بەڕێوە دەچێت و ئەو هەماهەنگی و هاوکارییە بۆ قۆناغی دوای داعش لە نەینەوا بەردەوام دەبێت.

سەرۆک بارزانی بەناوی گەلی کوردستان سوپاسی سەرۆك و گەل و حکومەتی ئەمەریکای کرد کە لە ڕووخاندنی دیکتاتۆرییەت و هەروەها لە شەڕی تیرۆریستاندا پشتیوانی گەلی کوردستان بوون و سوپاسی پاڵپشتیی سەربازی و دارایی ئەمەریکای کرد بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە کاریگەریی هەبووە لە مسۆگەرکردنی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ئاستی هەماهەنگی نێوان سوپای ئەمەریکا و پێشمەرگەی بە نموونەیی وەسف کرد بەجۆرێك کە بە درێژایی شەڕ دژی تیرۆریستان هیچ شوێنێکی مەدەنی نەکراوەتە ئامانج کە ئەوەش دیقەتی هەماهەنگی و متمانەی نێوان هاوپەیمانان و پێشمەرگە دەردەخات. یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ستایشی هێزی پێشمەرگەی کرد و ڕایگەیاند، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەچاوی ڕێزەوە سەیری پێشمەرگە دەکات و وەك هێزێکی شەڕکەری کاریگەر دەیناسێت کە ڕۆڵی زۆر گرینگی بینیوە، هەر بۆیە ئەو یاداشتی لێکتێگەیشتنەی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە ئیمزای دەکەن ئاماژەیەکی ڕوونی ئەو گرینگی پێدانەیە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە و هێمای هاوبەشییەکی بەردەوامی ئەمەریکا و هێزی پێشمەرگە و دۆستایەتییەکی پتەوە. هەروەها یادداشتی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەهەنگاوێکی گرنگی هەماهەنگیی و هاوکاری نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا لە قەڵەمدرا. بەپێی ناوەڕۆکی یاداشتەکە ئەمریکا هاوکاریی دارایی و سەربازی و دارایی  پێشکەش بە هێزەکانی پێشمەرگە دەکات، هەروەها هیچ کاتێکی دیاریکراوی نییە، چونکە هێزی پێشمەرگە بەشێکە لە هێزی دژ بە تیرۆر و ئەمەش بڕیارێکی کۆنگرێسی ئەمریکایە کە ساڵی پار بڕیاریدا هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە بکات بە بڕێکی دیاریکراوی ماددی و هاوکاری چەک و تەقەمەنی هەتاوەکو شەڕی دژی داعش هەبێت، هەر لەو میانەدا حکومەتی ئەمریکا دوو لیوا مەشق پێدەکات و چەکداری دەکات بە چەکی ئەمریکی، لە چەکی قورسەوە تا چەکی سووک بە هەموو پێداویستییەکانی، ئەوانیش لیوای 1 و لیوای 2ی وەزارەتی پێشمەرگەیە لە کەرکوک.

سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی موسڵ، بەشێوازێکی کردارەکی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرەتای ساڵی 2015 دەستیان کردووە بە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ، لەبەر ئەوەی زۆرێک لەو ناوچانەی کە کوردستانین و بەشێکن لە ئیدارەی پارێزگای موسڵ ئەوانە رزگارکراون، وەک ناوچەکانی شنگال و زوممار و ناوچەکانی دەشتی نەینەوا و خازر، هەندێک ناوچەی نزیک مەخمور و گوێر و بەنداوی موسڵ و رەبیعە، ئەوانە هەموو ساڵی 2015 رزگارکراون کە بەشێکن لە ئیدارەی پارێزگای موسڵ. ئێستا کە هێزەکانی حکومەتی فیدراڵی عیراق دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کردووە و ناوچەیەکی فراوانی رزگارکردووە، هێزی پێشمەرگەش پشتوانی ئەو هێزانەی کردووە لە هەمان کاتدا لە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵدا، پێشمەرگە رۆڵێکی گرنگی هەبووە.

## بەرێوەبەرایەتییە ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ پتەوکردنی گیانی تەبایی و پێکەوەژیانی نێوان گشت پێکهاتەکانی وگرنگییەکی زۆر بە بابەتی پێکەوەژیانی نێوان ئایین و پێکهاتەکان دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی جگە لە موسڵمانان گشت پێکهاتە ئایینییەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی و بەرێوەبەرایەتی تایبەت بە خۆیان هەیە لەوانەش ( ئێزیدی، کریستیان، جوو، کاکەیی، زەردەشتی، بەهائی، صابیئە مەندائی) بۆ راپەراندنی کاروبارەکانیان بەوپەڕی ئازادی و دوور لە هەر دەستتێوەردانێک، ئەمەش یەکێکە لە کارە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پتەو کردنی گیانی تەبایی و پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێم.

## هێزی تایبەتی پێکهاتە ئاینی و نەتەوایەتییەکان

پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بە پاڵپشتی و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆڵیان هەبووە لە شەڕی بەرگری دژی داعش و رزگار کردنەوەی ناوچەکانیان ، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی 2014 و پاش شەڕی تیرۆریستانی داعش و هێرشیان بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان هێزی فەرمی و تایبەتی کریستیان و ئێزیدییەکان دامەزراوە کە لەژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەیە، هەروەها بەم دواییە هێزی بەرگری لە ئێزیدخانە خراوەتە سەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە کە لە نزیکەی (٤٠٠٠) پێشمەرگە پێکهاتوون، وەزارەتی پێشمەرگەوە سەرپەرشتییان دەکات و ڕاهێنان و چەک و پێداویستیی سەربازیشیان بۆ دابین دەکات ، بۆ ئەوەی خۆیان بەرگری لە ناوچەکانی خۆیان بکەن و بەشداری بکەن لە رزگار کردنەوەی ناوچەکانیان، چونکە زۆربەی ئەو ناوچانەی کریستیان و ئێزیدییەکان تێیدا نیشتەجێن دەکەونە سنووری ناوچە کێشە لەسەرەکان.

هەروەها لەسەر داواکاری عەرەبەکانی ناوچەکە بەتایبەتی لە رۆژئاوای موسڵ، وەزارەتی پێشمەرگە لیوایەکی تایبەتی بۆ دانیشتووانی ناوچەکە دامەزراندووە بەناوی لیوای (رۆژئاوای دیجلە) کە گشت پێدوایستییەکانیان

لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە بۆ دابین دەکرێت و لە (٢٠٠٠) کەس پێکدێت کە خەڵکی ناوچەکانی زوممار، رەبیعە، عەیازییە، و بەشێکیان خەڵکی شنگالن، خولی یەکەمی مەشقی (لیوای رۆژئاوای دیجلە) بە بەشداری 954 پێشمەرگە کۆتایی هات و ئەرکیان پاراستنی ناوچەکانیانە دوای کۆتایی هاتنی داعش و رێگا گرتن لە هەر هێرشێکی دیکەی هاوشێوەی داعش بۆ سەر ناوچەکانیان. گشت ئەم هێزانە لە دوای پرۆسەی رزگارکردنی موسڵ رۆڵێکی گرنگیان لە ئازادکردنەوەی ناوچەکانیاندا هەبووە، بەتایبەتی لە شەڕەکانی ڕۆژئاوای شاری موسڵ و باشیک و سنووری.

## گەیاندنی کەلوپەل بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکان

راپۆرتی لیژنەی ناوبراو باس لەوە دەکات گوایە لایەنە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگە رێگا نادەن کەلوپەلی پێویست بگاتە ناوچە تازە ئازادکراوەکان بەتایبەتی لە ناوچەی شنگال و ئاستەنگی زۆر درووست دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە بیانەوێ کەلوپەل بگەیەننە ئەو ناوچەیە سەبارەت بەم بابەتە لایەنە بەرپرسەکان بەمشێوەیە را و سەرنجی خۆیان دەخەنە روو.

### پارێزگای دهۆک (لایەنی پەیوەندیدار):

زۆر جار لایەنە نێودەوڵەتییەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوانبار دەکەن بەوە کە رێگری لە هاتووچۆی هاووڵاتیانی سڤیلی ناوچە ئازادکراوەکان دەکات، بەڵام لە راستیدا بە هۆی بەردەوامی شەڕی داعش و مەترسی ئەمنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەندێک ڕێوشوێنی ئەمنیان گرتووەتەبەر بەتایبەت لە هەندێ ناوچەی دیاریکراو کە زووترین مەترسی دزەکردنی تیرۆریستانی لەسەرە، ئەم ڕێوشوێنانەش زیاتر بۆ پاراستنی سەر وماڵی هاووڵاتییانە و ڕێگەگرتن لە دزەکردنی تیرۆریستان بۆ ناو کوردستان و ئەو میکانیزمەش یەکسانە و بەبێ جیاوازی بۆ هاووڵاتیانی ناوچەکە. بۆیە دامودەزگا حکومییەکانی ناوچەکە مامەڵەیەکی بەبێ جیاوازی لەگەڵ هاووڵاتیانی ناوچەی شنگال کردووە سەرەڕای کۆنترۆڵ کردنی تەواوی ناوچەکە لەرووی سەربازییەوە.

ئەو ماددانەی کە رێگایان پێنادرێت ببردرێنە ناوچەکە ئەوانەن کە دەتوانرێت بۆ مەبەستی درووستکردنی تەقەمەنی بەکاربهێنرێت وەک یۆریا و کیمیا، بەڵام ماددەی بیناکاری وەکو چیمەنتۆ و شیش و مەڕ و ماڵات رێگایان پێدەدرێت ببردرێن بۆ ناوچەکە بەپێی پێویستی خەڵکی ناوچەکە، هەموو خەڵکی ناوچەکە و رێکخراوە خێرخوازی و مرۆیییەکان و دامودەزگاکانی حکومەت بۆیان هەیە بە ئازادی هاتوچۆ بکەن بێ ئەوەی ئاستەنگیان بۆ درووست بکرێت، بەڵام بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی نێوماڵیان پێویستیان بە رەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە بەتایبەتی بەشی کاروباری ناوخۆ لە پارێزگای دهۆک، لایەنە ئەمنییەکان رێگا لە بردنە

دەرەوەی کەلوپەلی ماڵ دەکەن، بۆ ڕێگاگرتن لە دزی و تاڵان کردنی ماڵی هاووڵاتیان، چونکە ئەم حاڵەتانە زۆر جار روویانداوە لە ناوچەکە.

بەشێوەیەکی گشتی هاوکاری بۆ هاووڵاتییانی ناوچەکە کراوە لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی ناوچەکەوە، بەڵام لایەنە ئەمنییەکان گرفتیان هەیە لە کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتیانی ناوچەکە بە گشتی، چونکە بەشیکیان بەپێی ڕێنماییەکانی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ مامەڵە ناکەن و سەرپێچی یاسا و ڕێنماییەکان دەکەن.  بۆ ڕێگا گرتن لەم سەرپێچیانە لەم دواییەدا لیژنەیەکی تایبەت لە سەر ئاستی قایمەقامیەتی شنگار و پارێزگای دهۆک پێکهێنراوە بۆ مەبەستی پێداچوونەوەی ڕێوشوێنەکان بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی نێوماڵ و ئەو ماددانەی کە بۆ مەبەستی بیناسازی بە کاردێن بۆ ئەوەی کارئاسانی زیاتر پێشکەش بە هاووڵاتیانی ناوچەکە بکرێت.